# خوێندنەوەیەك بۆ زیان و
# پێناسەی ماددەهۆشبەرەكان

# خوێندنەوەیەك بۆ زیان و پێناسەی ماددەهۆشبەرەکان

مەهدی بەدری

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **خوێندنەوەیەك بۆ زیان و پێناسەی ماددەهۆشبەرەکان**
- **نووسینی:** مەهدی بەدری
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** لەیلا حوسێنی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **سەرپەرشتی چاپ:** کۆمپانیای کوێست کوین
- **نرخ:** ١٥٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١٢**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانەی** موکریانی (هەولێر)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٣) ساڵی ٢٠١٢ی پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٥٤٤)**

MUKIRYANI

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك

**ماددەهۆشبەرەکان لە ئەنفلۆنزای باڵندە مەترسیدارتر**.......... ٧
**پێناسەی ماددەهۆشبەرەکان**.......... ١١
**ماددەهۆشبەرە سروشتییەکان** .......... ١٣
خەشخاش.......... ١٣
کانابیس (شادانە).......... ١٥
کوك.......... ١٧
چای.......... ١٧
تووتن.......... ١٨
**ئەو ماددەهۆشبەرانەی لە خەشخاش دروستدەکرێن**.......... ١٩
تریاك.......... ١٩
مۆرفین.......... ٢٠
هیرۆئین.......... ٢١
کراك.......... ٢٥
ئایس، کریستاڵ یا شووشە.......... ٣١
ئامفتامین.......... ٣٤
باربی چوریت.......... ٣٧
بێنزودیازپام.......... ٤١
L.S.D .......... ٤٤

یاپا.................................................... ٤٦
ئێکستازی.............................................. ٤٧
سیگار.................................................. ٥٢
مەشرووب (کهول)...................................... ٥٧
**تووشبوون نەخۆشییە و تووشبوو نەخۆش............................ ٦١**
**مەوادی موخەدیر، چەکێکی بێدەنگ بۆ سەرکوتی خەڵکی ئێران........ ٦٤**
**پەرەسەندنی مەوادی موخەدیر و تیرۆریزم.......................... ٧٣**
**سەرچاوەکان.................................................. ٨٠**
**وێنەکان دەدوێن.............................................. ٨١**

# ماددەهۆشبەرەکان لە ئەنفلۆنزای باڵندە مەترسیدارترن

مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە لە کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا، تەواوی دام و دەزگا حکوومی و تەنانەت کومەڵگای کوردستانی بۆ بەرگری لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە و خۆ خست. بە دەیان ملیۆن دۆلار سەرفی ئەم پێشگیرییەکراو، هەروەها بە دەیان ملیۆن دۆلاریش زەرەر و زیان لە خەڵکی کوردستان کە خاوەنی پەلەوەری جۆراو جۆر بوون کەوت. ئەمە لە کاتێکدا بوو تەنیا لە چەند شوێن نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە دەرکەوتبوو.

لە سەر مەترسیداربوونی نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە و کاریگەری لە سەر کۆمەڵگادا، شك و گۆمانی تێدا نییە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوورمانە، بوونی کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی لە کوردستان کە مەترسییەکەی چەندین بەرابەری نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندەیە، کەچی بۆ پێشگیری لەم کێشەیە بەو شێوەیە کە پێویستە هەنگاو هەڵنەگیراوە. ئەم کێشەیە بڵاوبوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان لە کوردستان و شوێنەواری لە سەر کۆمەڵگایە. ئەگەر شك و گومانی ئەوەی هەبوو کە نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە لە چەند شارۆچکەی کوردستان نیشانەکانی دەرکەوتووە، بە پێچەوانە بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە چەند ساڵێکە ماددەهۆشبەرەکان بە هۆی قاچاخچییان و هەلپەرستان رووی کردووەتە کوردستان و ئاسەواری گیرودەبوونی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە دەرکەوتووە و بە داخەوە رۆژ بە رۆژیش لە پەرەسەندن دایە.

بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لە درێژخایەندا شوێنەواری ماددی، تەندروستی و کومەڵایەتی لە سەر کەسایەتی و تەنانەت کۆمەڵگا دادەنێ و ئەگەر کۆمەڵگایەك تووشی ماددە هۆشبەرەکان بێ ئەو کۆمەڵگایە تووشی چەندین کێشەی دیکەی پەیوەندیدار بەم بەڵایە دەبێ و ئەو کات دەرباز بوون لەو کێشە و گرفتە زۆر سەخت و

دژوار دەبێ. بەداخەوە مافیای (ڕێکخراوی نهێنی قاچاخی ماددەهۆشبەرەکان) ماددەهۆشبەرەکان بۆ تووشکردن و بڵاوکردنەوەی ماددەهۆشبەرەکان لە نێو کۆمەڵگادا، هیچ چەشنە سنوورێك ناپارێزن و لە هەر ڕێگایەك بۆیان بکرێ ئەم ماددەیە بڵاو دەکەنەوە. قازانجی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان هێندە زۆرە، تەنانەت هێندێك لە بەرپرسانی حکوومی و دەوڵەتی لە سەرتاسەری جیهان لە بەرامبەر وەرگرتنی بەرتیلێکی زۆر کارئاسانی بەرێ کردن و بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان دەکەن.

ئەم کێشەیە لەم سەردەمەدا بووەتە کێشەیەکی جیهانی و بە پێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی کۆنترۆڵی ماددەهۆشبەرەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ١٧٠ وڵاتی جیهان لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەو ڕوون و نیزیکەی ٢٠٠ ملیۆن کەسیش بەردەوام بەکاری دێنێ و لەگەڵی ڕاهاتووە و بوونەتە یەکێك لە گەورەترین کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان. بەپێی سەرچاوەکان داهاتی ماددەهۆشبەرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە، ئەمە مانای بەرەو پێشچوونی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە لە نێو کۆمەڵگاو سەرکەوتوو نەبوونی پلانەکانی پێشگیری لە بەرامبەر ئەم ماددەیە بووە. ساڵی ١٩٩٨ داهاتی بازرگانی کردن بە ماددەهۆشبەرەکان ٨٥ ملیار دۆلار بووە، ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتووەتە ٥٠٠ ملیار دۆلار و پێشبینی دەکرێ بۆ ساڵی ٢٠١٥ ئەم داهاتە بگاتە ٧ تریلیۆن دۆلار!

کەوابوو بە بوونی تەواوی مەترسییەکانی ماددەهۆشبەرەکان ، ئەم ماددەیە بە شێوەیەکی خێرا و بەبێ بوونی بەربەستێکی بەهێز بۆ کۆنترۆڵ لە پەرەسەندن دایە. ئەگەر وایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندە لە کۆتاییدا دەبێتە مردنی نەخۆش، تووشبوون بە ماددەهۆشبەرەکان کۆمەڵگا تووشی دەیان کێشە و گرفتی جۆراوجۆر دەکا، بەداخەوە هێندێك لەو کێشە و گرفتانە ئێستا لە کوردستاندا دەرکەوتووە و مەترسییەکی گەورەیە بۆ داهاتووی کوردستان. تووشبووان بە ماددەهۆشبەرەکان لەوانەیە سەرەتا بۆ کرینی و بەدەستهێنانی ئەم ماددەیە گرفتیان نەبێ، بەڵام لە درێژخایەندا کە

گیرۆدەی ئەم ماددەیە بوون، هێزی ئیش کردنی نامێنی و پاشکەوتە ماددییەکانی سەرفی کڕینی ماددەی هۆشبەر کردووە و لەم قۆناغەدا، بۆ بەدەستهێنانی ماددەی هۆشبەر لەوانەیە دەست بداتە هەموو ئیش و کارێکی خراپ. سەرەتا لە نێو خێزانی خۆیدا دەستدەکا بە دزی و درۆکردن و دواتریش هەربەو شێوەیە بەلایەوە گرینگ نییە لە دەرەوەی خێزانیش درێژە بەم کردەوانە دەدا، تەنانەت هێندێك جار بۆ ئەوەی لە نێو خێزانەکەیدا زەختی لەسەر نەبێ تێدەکۆشێ ئەوانیش هەر بەو شێوەیە تووشی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە بکا. لە داهاتوودا تووشبوو بۆ بەدەستهێنانی ماددەی هۆشبەر ئامادەیە هەموو کارێکی خراپ بکا، تەنانەت ناتوانێ لە قسەی مافیا بچێتە دەرو زۆر جاریش تووشی لەشفرۆشی و خیانەت بە بنەماڵە و خێزانی خۆی دەبێ. لەسەر شوێنەواری ماددەهۆشبەرەکان لە وتارێکی کورتدا ناتوانین بە وردی ئاماژەیان پێ بکەین، لەبەر ئەوەی لەم سەردەمەدا بە دەیان جۆر ماددەی هۆشبەری سروشتی و شیمیایی (کیمیایی) هەیە و هەر کامەیان شوێنەوارێکی تایبەتی لەسەر لەش و مێشکی مرۆڤ دادەنێ و بەگشتی ئەگەر کۆمەڵگایەك گیرۆدەی ماددەهۆشبەرەکان بێ، ئەو کۆمەڵگایە تووشی دەیان کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێ کە هەموویان لە ماددەهۆشبەرەکان سەرچاوە دەگرن. لەو پەیوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە دیاردەکانی تەڵاق(جیا بوونەوەی خێزانی)، دزی، لەشفرۆشی و...هتد بکەین.

کۆمەڵگای کوردستان لە سەرەتای تووشبوون و تێکەڵاوبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و لەم قۆناغەدا دەکرێ بە خەباتێکی جەماوەری لە بەرامبەریدا راوستین و پێش بە هاتنە ژوورەوەی ئەم ماددەیە لە سنوورەکانی کوردستان بگرین و هاوکات ئەو کەسانەی تووشی ماددە هۆشبەرەکان بوون هەلی گەڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگایان بۆ پێك بێنین و لەو مەترسییە رزگاریان بکەین. لەبەر ئەوەی تووشبوو بە ماددەهۆشبەرەکان کەسێکی نەخۆشە و نەخۆشیش پێویستی بە دەرمان هەیە.

دەوڵەت بە هەموو هێزو توانای خۆی، راگەیاندنی کوردی بە گشتی (تەلەڤزیۆن، گۆڤار و رۆژنامەکان) شوێنە تەندروستی و ئامووزشییەکان ئەگەر دەیانەوێ

کوردستانێکی پاك و دوور لە ماددەهۆشبەریان هەبێ، دەبێ کۆمەڵگا بەتایبەتی لاوان لە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان ئاگادار بکەنەوە و لە سەر کاریگەری ئەم ماددەیە لە سەر لەش و مێشك و تەنانەت کەسایەتی مرۆڤ ئاگاداریان بکەنەوە. ئەوانەی گیرۆدەی بوون نابێ لە خۆمانی دوور بکەینەوە، بەڵکو دەبێ یارمەتییان بدەین تا لەو نەخۆشییە رزگاریان بێ و هیوا و ئۆمێدیان بە ژیان زیندوو بکەینەوە. لە لایەکی دیکەوە باشترین بەدیل لە بەرامبەر ماددەهۆشبەرەکان گرینگی دان بە وەرزش و یاری کردنە و دەبێ ئیمکاناتی پێویست بۆ لاوان لە قوتابخانەکان، زانکۆ شوێنە گشتییەکان وەك: پارکەکان دابینبکرێ و ئەو فەرهەنگە لە نێو کۆمەڵگادا جێگیر بکەین تا لە داهاتوودا کۆمەڵگایەکی تەندرۆست و خاوێنمان هەبێ، بەو هیوایە.



# پێناسەی مادده هۆشبەرەکان

ماددەهۆشبەرەکان، یەکێك لە کێشە و گرفتەکانی ئەم سەردەمەیە و ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی کورتی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە بکەین، دەتوانین بڵێین ماددەهۆشبەرەکان دیاردەیەکی زۆر کۆن و لە هەمانکاتیشدا، دیاردەیەکی نوێیە! کاتێك کە دەڵێین دیاردەیەکی زۆر کۆن و مێژووییە، لەبەرئەوەیە کە مێژووی چاندن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ پێش زایین و لەو دەمەوە مرۆڤ تا ئێستا بە مەبەستی کاری باری پزیشکی و رابواردن بە شێوەی جۆراوجۆر بەکاریهێناوە. لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی "ئەلیاسە و ئۆدیسە"دا کە هەشت سەد ساڵ پێش زایین نووسراوە، ناوی تریاك وەك مەترسیدارترین ماددەی هۆشبەر هاتووە. هەروەها چەند سەرچاوەیەکی دیکەی سۆمرییەکان، ئێرانییەکان، یۆنانییەکان و لە نووسراوەکانی "مارکوپولو" جیهانگەردی ئیتاڵیایی و تەنانەت لە ئاڤێستا (کتێبی ئایینی زەردەشت) ناوی ماددەهۆشبەرەکان چەندین جار هاتووە، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی کۆندا، کەمتر کاری کیمیایی لە سەر ماددەهۆشبەرە سروشتییەکان کراوە، بەکارهێنانی وەکو ئەم سەردەمە مەترسیدار نەبووە و شوێنەواری دانەناوە.

بەڵام بۆ دیاردەیەکی نوێیە؟ لەبەر ئەوەی مێژووی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لە کوردستاندا(باشوور) تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند ساڵەی دوایی و پێشتر تەنانەت ناویشی نەبیسترابوو، بەڵام بەهۆی سنووری دوور و درێژی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی ئێران و بەربڵاوی ئەم سنوورە، هەروەها رادەی بڵاوبوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان لە ئێران، لەم چەند ساڵەدا بە هۆی کەسانی

هەڵپەرست و دوژمنانی گەلی کوردەوە هاتووەتە کوردستان و رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن دایە.

لە کوردستاندا ماددەهۆشبەرەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە بە تلیاك و حەشیشە ناویان دەبەن. ئەوە لە کاتێك دایە کە بە دەیان جۆر ماددەی هۆشبەری سروشتی و کیمیایی هەیە کە هەرکامەیان شوێنەواری تایبەتی لە سەر لەش و هۆشی مرۆڤ دادەنێ. لەم وتارەدا تێدەکۆشین زۆر بە کورتی ئاماژە جۆرەکانی ماددەهۆشبەرەکان و شوێنەواریان لە سەر مرۆڤ باسبکەین.

ماددەهۆشبەرەکان بە دوو دەستەی سەرەکی دابەشدەکرێن:

١- ماددەهۆشبەری سروشتی.

٢- ماددەهۆشبەری کیمیایی.

# ماددەهۆشبەرە سروشتییەکان

## خەشخاش:

مەبەست لە ماددەهۆشبەرە سروشتییەکان ئەو رووەکانەیە کە دەڕوێن و هیچ چەشنە کارێکی کیمیاییان لەسەر ناکرێن. ئەم رووەکانە هەر لە کۆنەوە لە لایەن مرۆڤەوە بەرهەم هاتووە و بە مەبەستی جۆراوجۆر (پزیشکی و رابواردن) بەکارهاتووە. کۆنترین و سەرەکیترین رووەکی هۆشبەر خەشخاشە، ئەم رووەکە مەترسیدارترین رۆوەکی هۆشبەری سروشتییە کە دواتر چەندین جۆر ماددەی هۆشبەری بەهێز و مەترسیداری لێ دروستدەکەن. خەشخاش لە ولاتانی ئەفغانستان، هێند، تورکیە، چین، روسیە، میسر، مەکسیك، تایلەند، ئێران، ... هتد دەچێندرێت.



ئەم رووەكە لاسكە باريك و گەڵاكانی درێژ و درشتن. گوڵێكی سپی هەیە و بەرزاییەكەی دەگاتە یەك مەتر و بەرەكەی وەك تۆپێك وایە، بە دوای وەرینی گەڵاكانی لە سەر لاسكەی ئەو گیایە دەردەكەوێ و گۆرزی خەشخاش، پۆشینە، كوكتار و كەپسولی غوزەی خەشخاشی پێ دەڵێن. لە نێو ئەم تۆپەدا، كە چاوە چاوەیە ماددەیەكی وردی سپی تێدایە. پێستی خەشخاش بە چەقۆیەكی تیژ دەقەڵشێنن و پاشان لەو قەڵشانەدا، شیلەیەكی سپی دێتە دەر، ئەم شیلەیە لە بەرامبەر خۆردا رەنگی قاوەیی سفت دەبێت كە پێی دەڵێن تریاك یا ئەفیون. لە تریاك دواتر چەندین ماددەی هۆشبەر دروستدەكەن، كە دەتوانین ئاماژە بە مۆرفین و هیرۆئین بكەین. شوێنەواری ئەم دوو ماددەیە لە سەر لەش و هۆشی مرۆڤ، زۆر مەترسیدارترە لە تریاك و لە ماوەیەكی كۆرتدا مرۆڤی لاواز لە كۆتاییدا، تووشی مردنی دەكات.

مێژووی چاندن و بەكارهێنانی تریاك دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ پێش، یۆنانییەكان لەو پەیوەندییەدا، لە پێشەوە بوون و رۆمییەكانیش وەك دەرمانێكی شادی هێنەر بەكاریانهێناوە و میسرییەكانیش بۆ زۆر مەبەست، وەك ئارامكردنەوەی گریانی منداڵان بەكاریان دەهێنا.

**كانابیس (شادانه):**

كانابیس ساتیوا(cannabis sativa) رووەكێكە زۆر بە ئاسانی و خێرا لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا، دەڕوێ و لە هێندێك لە وڵاتانی جیهان بەتایبەتی ئێران و ئەفغانستان بە "شادانە" ناسراوە. رووەكێكە كە زۆرتر لە گەزنە دەچێ و بەرزاییەكەی دەگاتە دوو مەتر و گەڵاكانی درێژن. دانەیەكی هەیە بە ئەندازەی فەندق، رۆنێكی بۆن ناخۆشی تێدایە، رۆنەكەی دەگرن و بۆ كاری دروستكردنی سابوون بەكاری دێنن. لە سەر شاخە گوڵدارەكانی ئەم گیایە بەنگ و چەرس دروستدەكەن و ناوی حەشیش بە شاخە گوڵدار، هەروەها بەو مەوادە دەگوترێ كە لە شادانە دروستدەكرێ. لە ئەمریكای باشوور "ماری جوانا"ی پێ دەڵێن. هەروەك ئاماژەی پێكرا، كانابیس لە تەواوی جیهاندا دەروێ و بەم ناوانەش ناسراوە: بەنگ بەنگ، چەرس، گەرس، گەنجە گوج، حەشیش، هەپ، هەرب، هەمبی هێندی، ماری جوانا، مری جین، پات ردایل، ریفر، ئیسمش، چای ئیستێكی تایلەندی و وید.




بەرهەمەكانی كانابیس:

- **چەرس:** ماددەیەكە وەك بنێشت، هۆشبەر و ژەهراوییە، لە رووەكی كانابیس (شادانە) دروستدەكرێ. بۆ ئەم مەبەستەش كانابیس لە نێو قۆماشێكی زبر دەگوشن تا شیلەی ئەو ماددەیە لە نێو پارچەكە دێتە دەر. ئەو شیلەیە لە دوای وشككردن چەرسی پێ دەڵێن و لە سەر قلیان و دەمنە(پیپ) دایدەنێن و دەیكێشن. ئەم ماددەیە لە حەشیش مەترسیدارترە.



- **حەشیش:** تۆزێکە لە چەرس دروستدەکرێ و بە شێوازی جۆراوجۆر بەکاری دێنن. ئەم ماددەیە لە ماری جوانا مەترسیدارترە.
- **ماری جوانا:** تێکەڵاوێکە لە گەڵا و پەلکە وردکراوەکان و گوڵ و گیای کانابیس. ئەم شێوازە لە ئەمریکای باشوور ماری جوانای پێ دەڵێن.
- **گراس:** لە بەرهەمەکانی کانابیسە و هەروەك حەشیش، چەرس و بەنگ لە ڕێگای سیگار و دەمنەوە دەیکێشن.
- **بەنگ:** تۆزێکە لە تێکەڵاوی گەڵاو شاخە تازە گۆداربووەکانی کانابیس، ماددەیەکی ژەهراوی هەیە. هەروەك تووتن لە سەر قلیان و دەمنە دەیرێژن و بەکاری دێنن.

مێژووی بەکارهێنانی کانابیس هەروەك خەشخاش دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین و یەکەم جار میسرییەکان، چینییەکان، هێندییەکان و ئێرانییەکان بەکاریان هێناوە، بەڵام لە ئەوروپادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە.




ماری جوانا

**کوك:**

مێژووی چاندن و بەکارهێنانی داری کوك، دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدە پێش ئێستا. کوك بە شێوەیەکی زۆر بەربلاو هەر لە کۆنەوە لە ئەمریکای باشوور بەتایبەتی لە زنجیرە چیاکانی ئەندیز لە دوو ولاتی پیرۆو بولیڤیا و لەبەر کەشوهەوای لەبار بۆ ئەم دارە، خەڵکی ئەو ناوچەیە هەر لە کۆنەوە ئەم دارەیان ناسیوە و گەلاکەیان بەکارهێناوە. ئەم خەڵکە لە ڕێگای جوێنی گەلای کوك بۆ کەمکردنەوەی زەختی عەسەبی، ئارامکردنی لەش لە بەرامبەر گرفتەکانی ژیان بەکاریان هێناوە.

ساڵی ١٨٦٠ بۆ یەکەم جار لە گەلای کوك،" کوکائین"یان دروستکرد. کوکائین یەکێك لە مەترسیدارترین ماددەهۆشبەرەکانی ئەم سەردەمەیە و دوای بەکارهێنانی لە ماوەیەکی کورتدا شوێنەوار لە سەر لەش و هۆشی مرۆڤ دادەنێ و مرۆڤ لاواز و رۆژ بە رۆژ بەرەو نابوودی لەبەین چوون دەبات.

**چای:**

چای لاوازترین ماددەی هۆشبەرە کە مرۆڤ لە خواردنەوەکانی رۆژانەیدا بە بەردەوامی بەکاری دێنێ و زۆر کەسیش لەگەڵ خواردنەوەی را هاتووە و ئەگەر لە ژەمێکی خواردندا، نەیخواتەوە تووشی سەر ئێشە و ئالۆزی دەبێ.

گرینگترین ماددەیەك، کە لەنێو چایدا هەیە "ئەزتئین و تانێن"ی پێ دەڵێن. ئەم دوو ماددەیە رۆنێکی خەستە و خواردنی زۆر خراپە و مرۆڤ تووشی هێندێك ناراحەتی دەکا. پەلکی چای ماددەیەکی تێدایە بە ناوی"تئین"و تایبەتمەندییەکانی کافئینی هەیە و جیا لەو ماددەیە "تئۆفیلین، تانێن، ئەسید کالیك، ئۆکسالات روتیاس"ی تێدایە. گۆڵی چای ٢٪" کافئین"وتا ئەندازەیەکی زۆر "ئاسن"و "مەنگەنێز"ی تێدایە. ئەو کەسانەی بە بەردەوامی چای دەخۆنەوە، تووشی لێدانی نارێك و پێکی دڵ، توورە بوون، پەرێشانی، بێخەوی، لاوازی لەش، قەبزی، ...هتد دەبن.

**تووتن:**

بەکارهێنانی تووتن (سیگار) وەکو شتێکی ئاسایی کە مرۆڤ لەگەڵی را هاتووە، مێژوویەکی چەند سەدەیی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا بە هۆی"کریستۆف کۆلومب". لەو کاتەدا خەڵکی "سان سالڤادۆر" وەکو دیاری پەلکەکانی تووتنیان پێشکەشی کۆلومب کرد و ئەویش هێنایەوە ئەوروپا و لەو دەمەوە بڵاوبووەتەوە. دیارە پێشتر بەکارهێنانی تووتن، تەنیا لە ڕێگای جوێنی پەلکەکان بووە. دواتر بەکارهێنانی تووتن لە ڕێگای دووکەڵێشەوە(کێشان) لە شەڕەکانی "کریمە"بە هۆی تورکەکانەوە تاقیکرایەوە. لەو دەمەوە تا ئێستا بە سەدان جۆر سیگار لە تووتن دروستکراوە.

کەسێك بە بەردەوامی سیگار بکێشێ، ئیشتیای خواردنی کەم دەبێتەوە، هەموو کاتێ بۆنی سیگار و تووتن دەدات و قامکەکانی بە هۆی "نیکوتین"ی سیگار زەرد دەبن و هەموو کاتێ کۆخەیان هەیە. بەشێکی زۆر لەو کەسانەی سیگار دەکێشن نەخۆشی شێرپەنجە دەگرن. هەروەها تێکچوونی جووڵەی خوێنیان هەیە، مەعیدەیان تێکدەچێ، نەخۆشی دڵ، زگ چوون، ئاسم ، ...هتد دەگرن.

# ئەو ماددەهۆشبەرانەی لە خەشخاش دروستدەکرێن




**تریاك:**

یەکەم ماددەیەکی هۆشبەرە کە بە شێوەیەکی زۆر ئاسان لە خەشخاش دەیگرن" تریاك یا تلیاك"ی پێ دەڵێن. ئەم ماددەیە شیرەی خەشخاشە دوای جیاکردنەوەی لە بەرامبەر خۆردا سفت و بە رەنگی قاوەیی دەردێ کە "ئەفیون"یشی پێ دەڵێن.

ئەو کەسانەی تریاك بەکاردێنن:

- چاویان جوان و خۆمار دەبێ و هەمیشە پڕە لە ئاو و سوور هەڵدەگەرێ.
- کاتی نەشەبوون پێیان خۆشە خۆیان بخورێنن، بەتایبەتی لووتیان و گوێچکەیان.
- بە لووتیانەوە قسە دەکەن. رەنگی دەم و چاویان رەش هەڵدەگەرێ و لێوەکانیان بە رەنگی قاوەیی هەڵدەگەرێ.
- حەزیان لە چایی رەش و سیگارە، لەبەر ئەوەی رادەی نەشەبوون دەباتە سەرێ.

هێزی لەش کەم دەکاتەوە، شوێنەوار لە سەر فام و دەرکی مرۆڤ دادەنێ، مرۆڤ ترسنۆك باردێنێ و هەمووکات گێژ و بە بچووکترین شتێك تێکدەچێ. هەروەها گەدە، مێزڵدان، دڵ، گورچیلەو...هتد تووشی نەخۆشی دەبن.



**تریاك (تلیاك)**

**مۆرفین (Morphine):**

یەکێك لە بەرهەمەکانی تریاکە، بە کاری کیمیایی لە تریاك جیا دەکرێتەوە. تۆزێکی کریستاڵییە لە تریاك بێ رەنگتر و تامی تاڵە و بەکارهێنانی عەسەبەکان بێهەست و تووشبوو خەوی لێ دەکەوێ. هۆشبەری ئەم ماددەیە ١٠ بەرابەری تریاکە، لە گەرمای ٢٣٠ پلەدا دەتوێتەوە و لە کاری پزیشکیدا کەڵکی زۆری لێوەردەگرن. مۆرفین بە شکڵی جۆراوجۆر وەك: حەب، کەپسول، تۆز یا شلەمەنی دروستدەکرێ. لە رێگای خواردن و خواردنەوە، بۆن کردن و دەرزی لێدان (ژێر پێست و دەمارەکان) بەکاری دەبەن. ساڵی ١٨٥٣ "ئەلێکساندر وود_ Alexander Wood" بۆ یەکەم جار مۆرفینی گیراوەی لە لەشی پیرەژنێك تەزریق کرد. پزیشکان بۆ ئەم شێوە نوێیە و بەکارهێنانی مۆرفینی گیراوە هۆگری زۆریان هەبوو، رایان گەیاند ئەم شێوەیە لە بەکارهێنانی تریاك مەترسی کەمترە. بەم شێوەیە گرفتێکی گەورە و بێ وێنەیان بۆ داهاتووی مرۆڤ دروستکرد.




**دیمەنێك لە بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان بە هۆی تووشبووانەوە**

**هیرۆئین:**

ساڵی **١٩٠٠** بۆ یەکەم جار لە مۆرفین، هیرۆئین یان دروستکرد و ناوی کیمیایی"ئێستیل – مۆرفین"یان لە سەر دانا. بۆ دەرمانی تووشبووانی مۆرفین بەکاریان هێنا، بەڵام زۆری پێ نەچوو بۆیان دەرکەوت بە هەڵەچوون، لەبەر ئەوەی هیرۆئین ٢٠ تا ٢٥ بەرابەری مۆرفین بەهێزترە و دوو بەرابەریش هۆشبەرتر. تامی هەروەك تریاك تاڵە، بەڵام بەتەواوی بێ بۆنە و ڕەنگی قاوەییە و دوای شیبوونەوەی لە نێو شلەمەنی تایبەتی و ویشك بوونی سپی دەبێ. لە بەراورد لەگەڵ تریاك و مۆرفین لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، لەشی مرۆڤ لەگەڵی ڕادێ (تووش دەبێ) و ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێ ڕادەی بەکارهێنانی هیرۆئین زۆرتر بکا تا شوێنەواری نەشەبوونی لە تووشبوو دەربکەوێ.



تریاکی خاو لە ئەفغانستان دەکرێتە مۆرفین و لە تاقیگەکانی فەرەنسا و ئیتاڵیا هیرۆئینی لێ دروستدەکەن. ئێستا ئەم ماددەیە لە سەرتاسەری جیهان وەك: ئۆسترالیا، بێرمە، کەنەدا، ئاڵمان، هۆنگ کۆنگ، ئیتاڵیا، مالیزی، سەنگافور، سوید، تایلەند، بریتانیا، ئەمریکا، ڤیتنام، ئێران، وڵاتانی کەنداو، تورکیە، عێراق و ...هتد بڵاو بووەتەوە. زۆربەی تووشبووان بە هیرۆئین، گەنجەکانن کە لە شارە گەورەکان دەژین. ئەم تووشبووانە لە ڕێگای کێشان یا بە شێوەی دەرزی لێداندا بەکاری دێنن. هەردوو شێوەی جێگای مەترسییە و ڕاهاتنی بە دواوە دەبێ.

شیوازی کۆنی بەکارهێنانی هیرۆئین، گیراوەی(شلەمەنی) ئەم ماددە لە ڕێگای دەرزی لێدانی ڕاستەوخۆ بۆ نێو دەمارەکانی خوێن یا ژێر پێستە. لەبەر ئەوەی

تووشبووان له شریقه‌ی یه‌کتر یا پیس که‌ڵك وه‌رده‌گرن له کاتی به‌کارهێناندا لایه‌نه‌کانی پاراستنی ته‌ندروستی له‌به‌ر چاو ناگرن. هه‌ر بۆیه تووشی نه‌خۆشی جۆراوجۆری وه‌ك: "هپاتیت تیس – hepatitis"و ئه‌یدز ده‌بن.

زۆربه‌ی تووشبووان بۆ پێشگیری له هه‌وکردن و نه‌خۆشییه‌کانی دیکه، له رێگای لووتیانه‌وه به‌کاری دێنن و پێیان وایه به‌م شێوه‌یه مه‌ترسی که‌متری به‌دواوه ده‌بێ، به‌ڵام ده‌رکه‌وتووه له‌م شێوه‌یه‌شدا، مه‌ترسییه‌که‌ی له شێوه‌کانی دیکه که‌متر نییه.

## شوێنه‌واری هیرۆئین:

به‌کارهێنانی هیرۆئین مه‌ترسی جۆراوجۆری به دواوه ده‌بێ. تووشبووان ئاگایان له خۆیان نییه و ژیانیان ده‌که‌نه فیدای به‌ده‌ستهێنانی ئه‌م مادده‌یه. له نه‌خۆشییه‌کانی قه‌بزی، خه‌واڵۆیی ده‌ناڵێنن و کێشی له‌شیان داده‌به‌زێ و کز و لاواز ده‌بن، ئه‌گه‌ر ژنی دوو گیان هیرۆئین به‌کاربێنێ و منداڵه‌که‌ی دوای له‌دایکبوون تووشی بێهۆشبوون (تووشبوون) ده‌بێ. منداڵی تووشبوو پێستی خۆی ده‌خورێنێ و ده‌رشێته‌وه و له‌شی ده‌له‌رزێ، به ده‌نگی به‌رز هاوار ده‌کا و له ئێش و ئازار ده‌ناڵێنێ، زۆربه‌ی ئه‌و منداڵانه‌ی له دایکی تووشبوو له دایك ده‌بن به هۆی که‌سانی دیکه‌وه به خێو ده‌کرێن. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م جۆره دایکانه به هیچ شێوه‌یه‌ك ناتوانن به‌خێویان که‌ن. هێندێك له‌م منداڵانه به هۆی دایك و بابی تووشبووی خۆیانه‌وه ده‌کوژرێن یا له نێو ئاو ده‌یانخنکێنن.

وازهێنان له هیرۆئین له‌وانه‌یه، مه‌ترسی زۆری هه‌بێ و تووشبوو تووشی ئێش و ئازارێکی زۆر بکا. له کاتی به‌ده‌ستنه‌هێنانی هیرۆئین ته‌واوی شوێنه‌وار و نیشانه‌کانی نه‌خۆشی ئه‌نفولونزای لێ وه‌ده‌رده‌که‌وێ. وه‌ك: له‌رز، سه‌رگێژه، رشانه‌وه، ئاره‌قه‌کردن، ئێشی ماسولکه‌کان و په‌رێشانی.

ئه‌و که‌سانه‌ی مۆرفین و هیرۆئین به‌کار دێنن:

- به لووتیانەوە قسەدەکەن، چاویان بۆ هەڵنایە و هەست بە قورسبوونی سەریان دەکەن.
- پشتی دەچەمێتەوە و لاقی دەنووشێتەوە، کاتێك بە ڕێگادا دەڕوا لەوانەیە بکەوێ.
- عاتیفە و موحیبەت لە وجوودیدا دەمرێ و هەستی نامێنێ.
- زۆرتر حەز دەکا بە شێوەیەك دانیشێ کە لاقی لە پێش سینگی کۆ بکاتەوە و سەری بەسەردا دانێ.
- هەموو کاتێك لە ژیان بێزارو ترسنۆکە، ڕەنگی دەموچاوی زەرد و لاواز دەبێ، لەشی بەتایبەتی دەستی دەلەرزێ.
- ئەعسابی تووشی نەخۆشی دەبێ و دەروونیان تێکدەچێ، لە قسەکردن بێزارن و قەڵافەتیان دایم ئاڵۆز و لەشیان تووشی ئێش و ئازار دەبێ.
- کاتێك مەوادیان دەست ناکەوێ لەوانەیە شێت بن و پڕ بەدەم هاوار دەکەن و تەواوی لەشیان دەلەرزێ و ئێسکەکانیان ئێشدەکا.

تێبینی:

بەکارهێنانی ئەو مەوادە لە تاقیکردنەوەی میز، پیسایی و خوێن لە تاقیگەکاندا، لە تووشبووان دەردەکەوێ.

مافیای ماددە هۆشبەرەکان لە سەرتاسەری جیهان بۆ ئەوەی بازاڕی ماددەهۆشبەرەکان ڕۆژبەرۆژ لە پەرەسەندندا بێت بەردەوام بە کاری کیمیایی لە سەر هێرۆئین و کوکائین ماددە هۆشبەری نوێ دروستدەکا و لە ڕێگای پروپاگەندە ئینترنێتییەکاندا بە خەڵکی دەناسێنن. بە پێی سەرچاوەکان دەوروبەری ١٦ هەزار ماڵپەڕی ئینتەرنێتی سەر بە مافیای ماددەهۆشبەرەکان ئەرکی پروپاگەندە بەڕێوەدەبەن و ئەو مەوادە بە تووشبووان دەناسێنن.

بە پێی لێکوڵینەوەکان هیرۆئین مەترسیدارترین ماددەی هۆشبەرە و بەکارهێنانی مرۆڤ تووشی زیانی جۆراوجۆر دەکا و قەرەبووکردنەوەی ئەم زیانانە زۆر سەخت و

دژواره. چەند ساڵێکە مافیای ماددەهۆشبەرەکان بۆ ئەوەی بازاڕەکانی فرۆش گەرم و گۆڕتر بێت بە کاری کیمیایی لە سەر هیرۆئین چەندین ماددەی هۆشبەری دیکەیان دروستکردووە کە بە دەیان بەرابەری هیرۆئین مەترسیدارترە و مرۆڤ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا تووشی زیانی گەورە دەکات. ئەو مەوادە نوێیە لە بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەفغانستان، ئێران، تورکیە، وڵاتانی عەرەبی و کەم تا کۆرتێکیش عێراق) بڵاوبووەتەوە.




**یەکێك لە تووشبووان لە کاتی تەزریقکردنی هیرۆئینی گیراوە لە دەمارەکانی خوێن**

**كراك:**

"كراك"(crack)، هێندێ جار "راك"(rock)ی پێ دەڵێن.

"ئایس" لە ئێراندا بە "كریستاڵ یا شووشە" ناسراوە.

"كراك" چییە و لە چی دروستدەكرێ؟

"كوكائین"، "ئالكالوئید"ی سەرەكی گەڵای "كوكا"یە و لە پەلكی دارێك بە ناوی (Ergthroxglom Coca) دروستدەكرێ و ناوەندی سەرەكی پەروەردەكردنی



ئەم دارە، ئەمریكای باشوورە (زنجیرە چیاكانی ئەندیز كەوتووەتە نێوان وڵاتەكانی پێرۆ و بولیڤی). كوكائین وەك ماددەیەكی هۆشبەر و شوێندانەر یەكەم جار لە ساڵەكانی (١٨٥٩-٦٠)ی زایینی لە پەلكی كوكا دروستكرا. "كراك"یش ساڵی ١٩٨٥ی زایینی لە كوكائین دروستكراوە و لە سەرەتای پاییزی هەمان ساڵ لە بازاڕەكانی شاری "نیویۆرك"ی ویلایەتەیە كگرتووەكانی ئەمریكا بڵاوكراوەتەوە. كراك مەترسیدارترین ماددەیەكە تا ئێستا هاتوەتە بازاڕ و بە رادەیە هۆشبەرە كە یەك جار بەكارهێنانی مرۆڤ تووش دەكات(رادێت).

كوكائین تۆزێكی سپی، نەرم و روونی كریستاڵییە، تامی تاڵە زۆرتر لەگەڵ شەكر تێكەڵی دەكەن و بە شێوەی بۆن كردن، تەزریق لە دەمارەكانی خوێن، خواردن و كێشان و جاری واش هەیە بە شێوەی پاشینی بە سەر سیرەت بەكاری دێنن. لە نێو خەڵكی بەم ناوانە ناسراوە: coke كورتكراوی كوكائینە Cocaine، Candy بە مانای شیرینی، Nose بە مانای كەپۆ، Snow بە مانای بەفر، Happy بە مانای خۆشحالی ، Dust بە مانای تۆز یا خاك.

بەکارهێنانی کوکا دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدە پێش و خەڵکی وڵاتانی هێند، پێرۆ و بولیڤی بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی پەلکەکانی داری کوکیان بۆ گەیشتن بە خۆشییەکی تایبەتی دەجووت. خەڵکی ئەم هەرێمانە بۆ زاڵبوون بەسەر کارە سەخت و دژوارەکان وەك: بڕینی رێگای دوور و درێژ، برسیەتی، تینوویەتی پەلکی کوکیان دەجووت. تا ئەو جێگایە بە مێژووی کوکا بەستراوەتەوە ئەم راهاتنە لە نێوان دانیشتوانی کێوەکانی "ئاند" باو بووە.

پێشتر بەکارهێنانی کوکائین تایبەتی بنەماڵە دەوڵەمەند و سیاسەتوانان بوو، بەڵام بەکارهێنانی کراك بە گرووپێکی کومەڵایەتی، ئابووری یا تەمەنێکی دیاریکراو نەبەستراوەتەوە. لە راستیدا کراك هەرزان و بە ئاسانی دەستدەکەوێ، هەر بۆیە بەکارهێنان بۆ هەموو کەس ئاسانە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەکارهێنانی کراك هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەستپێدەکا. لە ئەوروپا کراك وەکو کوکائینی دەستکورت و چینی کەم داهاتە، لەبەر ئەوەی لە کوکائین هەرزانترە و بە تامی کوکائین مەسرەف دەکرێ. کوکائین لە سێ قۆناغی چاندن، بەرهەم هێنان و تا بڵاوکردنەوەی بەردەوام نرخی دەچێتە سەرێ و تەنیا ئەو کەسانەی داهاتیان زۆرە دەتوانن بەکاری بێنن. هەر بۆیە بازرگانانی ماددەهۆشبەرەکان بۆ ئەوەی چینی کەم داهاتی کومەڵگاش بتوانن تامی کوکائین بچێژن، ئەم ماددەیە لەگەڵ تێکەڵاوەکانی دیکەی کیمیایی، تێکەڵ و کوکائینی چینی کەم داهاتیان دروستکرد. ئەم بەرهەمە بە ناوی "کراك" ناوبانگی دەر کردو بە شێوەیەکی خێرا گەیشتە ئەوروپا و بازاڕەکانی داگیرکرد. بەو حاڵەش کراك هێشتا لە ئاسیا گرانە و بە هەموو کەس ناکردرێ.

## "کراك"ی ئاسیایی یا ئێرانی چییە؟

کراکی ئەسڵی ماددەیەکی هۆشبەرە و لە بەرهەمەکانی کوکائینە، هێز زۆر دەکا و شادی هێنەرە و هیچ چەشنە راهاتنێکی بە دواوە نییە، بەڵام ئەو ماددەیە لە ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەناوی کراك ناوی دەرکردووە هیرۆئینی پاڵاوتووە. لە ئێران لە

نێو تاقیگە نهێنییەکاندا، کە زۆربەیان لە نێو ماڵەکان هەڵکەوتوون بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ چەشنە ئیستانداردێکی جیهانی، هیرۆئین دەپاڵێون و بە ناوی کراك رەوانەی بازاڕی دەکەن. ئەم کراکە زۆر لە هیرۆئین بەهێزتر و مەترسیدارترە، بە شێوەیەك لە مانگی یەکەم رادەی مەسرەفی بەردەوام روو لە زیادبوون دەکا تا دەگاتە ٣ تا ٤ بەرابەری رۆژی یەکەم و لە کۆتایی مانگییشدا لەوانەیە لە رۆژدا تا ١٠ جار مەسرەف بکرێ.

کراك زۆر بچووکە تەنانەت لە دنکە نۆکێکیش بچووکترە. ئەم ماددەهۆشبەرە تیجارییە بە هۆی بێ بۆن بوون و ئاسان مەسرەفکردنی لە نێو تووشبوواندا لایەنگری پەیدا کردووە، لەبەر ئەوەی مەسرەفی کراك بە ئەندازەیەك ئاسانە کە لە ماوەی ٥ خولدا بە کەڵك وەرگرتن لە فەندەك و قامیشێکی بچووك یا سنجاق مەسرەف دەکرێ. لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا کاتێك تووشبووان رویان لە دەڵاڵەکان ماددەهۆشبەرەکان کردووە تا تریاك و هیرۆئین یا هەر ماددەیەکی دیکە بکڕن، لەگەڵ کراك بەرەوروو دەبوون ماددەیەکی بەهێز، خێراو ئاسان بەکارهێنانی لە هەمووی گرینگتر هەرزان بوونیەتی. ئەم ماددەیە بە شێوەیەکی زۆر خێرا بازاڕی هێنایە ژێر پاوانی خۆی و بە خێرایی بەرەو پێش دەڕوا. لایەنگرانی ئەم ماددەیە تەمەنیان لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵە، دیارە هێندێك لە تووشبووە کۆنەکانیشی بۆ لای خۆی راکێشاوە. ئەم ماددەیە بە شێوەی بۆن کردن و تەزریق مەسرەف دەکرێ، تەنانەت قۆناغەکانی تەزریق زۆر ئاسان و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا شوێنەوار دادەنێ.

### شوێنەواری کورت خایەنی کراك:

شوێنەواری ئەم ماددەیە لە کورت خایەن لە تووشبوواندا ئەمانەن: هەست بە زۆر بوونی هێز، سەرخۆشبوون و چالاکی زۆر، بەڵام بە دوای مەسرەفدا تووشبوو تووشی زۆربوونی لێدانی دڵ دەبێ، زۆر بوونی گەرمای لەش، چوونەسەری زەختی خوێن، گەورەبوونی گلێنەی چاو، کەم ئیشتیایی، ئارەقەکردنی زۆر، بێ قەراربوون، لەرزینی

لەشیان بەتایبەتی دەستیان، وەهم، گێژ بوون، رشانەوە، لاوازبوونی چاو، نارێك و پێکی هەڵسوکەوت، ئاو هاتن لە لووت، تا،...لە کۆتاییدا تووشی مردن دەبن.

**شوێنەواری درێژخایەن :**

دابەزینی کێشی لەش، بێخەوی، قەبزی، لاوازی کاری سێکسی، تێکچوونی میزکردن، رشانەوە، کەم خەوی، زەردبوونی رەنگی دەم و چاو، زگ چوون، سەر ئێشە، هێپاتیت، بە دائیمی لە لووتەوە ئاو هاتن، جنێو فرۆش، خوازیاری خۆ کوشتن، وەهم، تێکچوونی هەستەکانی دیتن، بیستن و بۆن کردن، هاتنی زەخم لە شوێنە جۆراو جۆرەکانی لەش بەتایبەتی لووت، شەڕ فرۆش، گێژی، زگ ئێشە.

تووشبووان لە هەرکام لە شێوازەکانی بە کارهێنان کەڵك وەرگرن دواتر ناتوانن وازی لێ بێنن و دەبێ بەردەوام مەسرەفی بکا. بە گشتی ئەو کەسەی کراك بەکاردێنێ ناتوانێ خۆی کونترۆڵ بکاو وەکو ئەوەی خۆی بزر کردبێت.

کراکی هیرۆئینی هەر گرامێکی لە ١٠ تا ١٠٠ گرام هیرۆئین دروستدەکرێ، بەڵام لە هیرۆئین هەرزانترە. تووشبوون بەم ماددەیە لە بەراورد لەگەڵ هیرۆئین خێراتر و مەترسیدارترە و وازهێنانی زۆر سەخت و دژوارتریشە.

کراك بەپێچەوانەی هیرۆئین، تریاك، حەشیش و ...هتد بێ بۆنەو بە کارهێنانی زۆر سادە و پێویست بە کەرەستەی تایبەتی نییە و کاتێکی کەمتری دەوێ و مرۆڤ دەتوانێ لە حەمام یا ئاودەست لە ماوەی ١ تا ٢ خولەك بەکاری بێنێ.

تووشبووانی تریاك تا چەندین ساڵ دەتوانن زیندوو بمێنن و ژیانێکی ئاسایی بەرنە سەر و تەنانەت سەرپەرستی خێزانەکەشی بکا. تووشبووانی هیرۆئینیش ئەگەر دەستیان کرد بە تەزریقی هیرۆئین لە دەمارەکانی خوێنیان لەوانەیە لە نێوان ١٠ تا ٢٠ ساڵ زیندوو بمێنن، بەڵام تووشبووی کراك کاتێك دوای ٣ مانگ مەسرەفی ئەم ماددەیە ٣٠ کیلۆ لە کێشی لەشیان دابەزی ئایا دەتوانن تا ٢ ساڵی دیکە زیندوو بمێنن؟

**نیشانەکانی ئاگادارکەرەوە لە کاتی مەسرەفی کراك:**

بە وتەی تووشبووان بە کراك، بەدوای تەواوبوونی شوێنەواری بەکارهێنانی ئەم ماددەیە: _ ناراحەتی و بێقەراری بۆ بەدەستهێنانی دووبارەی کراك دەستپێدەکاتەوە.

- تووشی بێتاقەتییەکی زۆر دەبێ.
- هێزی لەشیان دادەبەزێ و ئیشتیای خواردنیان کەم دەبێتەوە.
- بێخەوی روویان تێدەکا.
- تووشی هەستی دژ بە یەك دەبن. لە خۆشەویستی و رق و کینە بە نیسبەت خۆیان.

**شوێنەواری دەروونی بەکارهێنانی کراك چییە؟**

کەسێك کراك بەکاردێنێ، بە شێوەیەکی خێرا تووشی حاڵەتەکانی جۆراوجۆری دەروونی دەبێ کە لەگەڵ خۆشی و پێخۆشبوون و هەست بە گرژی دەکا. دواتر بە دوای کەمبوونی شوێنەواری ئەم ماددەیە دڵتەنگی و پەرێشانی، دڵناسکی و بێخەوی لەو تووشبووانە دەستپێدەکا.

**شوێنەواری کراك لە سەر لەشی تووشبووان:**

سەرەتاییترین شوێنەواری لە سەر لەش، گەروو ئێشەیەکی زۆر، گیرانی دەنگ و بە زەحمەت هەناسە کێشان کە لە کۆتاییدا تووشی "برونشیت" دەبن. چاویان گەورە دەبێ و کاتی چاولێکردن هاڵەیەکی روون لە دەوری چاویان دەبینرێ. لێدانی دڵیان تا ٥٠٪ زۆر دەکا و دەمارەکانی خوێنیان هەڵدەماسێ و تووشی چوونەسەری زەختی خوێن دەبن. لەوانیە لە کۆتاییدا تووشی نەخۆشییەکانی دڵ، پەرێشانی، لێدانی جەڵتە ببن. کراك بەهۆی کەمکردنەوەی ئیشتیای خواردن و دروستکردنی بێخەوی، کێشی لەش دادەبەزێنێ.

بەکارهێنانی کراك بە شێوەیەکی خێرا لە نێوان گەنجانی ١٧ تا ٢٥ ساڵ لە پەرەسەندن دایەو ئەم مەسەلەیە بە دڵنیاییەوە رێژەی مردن لە ساڵەکانی داهاتوو زیاد دەکا. لەبەر ئەوەی بە پێی ئامارەکان بەکارهێنانی کراك بۆ مرۆڤ هەستە خۆشەکانی

کاتی نەشەبوون تەنیا ٥ تا ٧ خۆلەك دەخایێنێ و دواتر تووشبوو، تووشی شوێنەوارەکانی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە وەك: بێتاقەتی، هەست بە بێئەرزیش بوون، خەفەتی زۆر بۆ بەدەستهێنانی دووبارەی ئەم ماددەیە. هەر بۆیە لە قۆناغەکانی دواتر وازهێنانی کراك سەخت و دژوار دەبێ.

توشبوون بە کراك دەبێتە هۆی لە ناو چوونی سەر ئێشە، هاتنەدەر لە پەرێشانی و هەست کردن بە خۆشییەکی نادروست جێبەجێکردنی هێندێك حەرەکەتی مەترسیدار و قسەی بێ جێ کە تەواوی ئەمانە هەروەك ئاماژەی پێ کرا تەنیا لە نێوان ٥ تا ٧ خۆلەك دایە.

دووپاتکردنەوەی مەسرەفی کراك لە ماوەی چەند رۆژدا لەگەڵ رشانەوە، گێژی و بێتەفاوتی، ئێسپاسمی ماسولکەکان و مردنی لەناکاو بەهۆی راوستانی هەناسەکێشان بەرەوروو دەبێ. گرینگترین شوێنەواری درێژخایەنی بەکارهێنانی کراك لە تووشبوواندا، لەبەین چوونی شوینەواری ئەم ماددەیە لە ماوەی ٣ تا ٥ ساعەت دەبێ. هەر بۆیە تووشبوو لانیکەم دەبێ هەر چوار سەعات جارێك بەکارهێنان دووپاتبکاتەوە تا لەگەڵ گرفت بەرەو روو نەبێ. هەروەها لەبەین چوونی ئیشتیای خواردن، دابەزینی کێش، قەبزی، ئیلتیهابی جۆراو جۆر وەك: ئەیدز، هپاتیت، تێکچوونی پێست، پیری خێرا، زۆر بوونی زەختی خوێن و خورینی لەش لە شوێنەوارەکانی درێژخایەنی ئەم مادەیەیە. شوێنەواری تێکدەری ئەم ماددەیە ١١٠ تا ١٤٠ بەرابەری تریاك و هیرۆئین لە سەرمێشك و عەسەبەکانە.



**جۆرەکانی کراك**

## "ئایس" کریستاڵ یا شووشە:

یەکێك لەو ماددەهۆشبەرانەی کە لەم چەند ساڵەدا، هاتووەتە بازاڕ"ئایس"، کریستاڵ یا شووشەیە. ئەم ماددەیە لە ئێراندا، لەبەر ئەوەی وەکو شووشەی ورد و هێندێ جار وەکو تۆز و تیکەی وردی وەکو سەهۆڵ یا نەباتی تێدایە، هەربۆیە بە شووشە ناوبانگی دەرکردووە و لە ئەوروپا و ئەمریکا بە "ئایس" ناسراوە."شابو" کە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بڵاوبووەتەوە زۆر لەم ماددەیە دەچێ. لێکوڵینەوەکان دەریان خستووە، گرینگترین تێکەڵاوی ئەم ماددەیە "ئامفتامین"ە."مت ئامتامین" لە بەرهەمەکانی ئامفتامینە و لە تاقیگەکانی نایاسایی لە دەرمانە ساددەکان و بە شێوەیەکی زۆر هەرزان دروستدەکرێ. ئەم ماددەیە لە رێگای خواردن، تەزریق لە دەمارەکانی خوێن، بۆن کردن و کێشان وەکو سیگار مەسرەف دەکرێ.

کریستاڵ(شووشە) ماددەیەکی زۆر مەترسیهێنەر و بە شێوەی تۆزێکی سپی، بێبۆن و تاڵە و زۆر بە ئاسانی لە نێو خواردنە شلەمەنییەکان وەکو مەشرووب و پیپسی حەل دەبێ. شوێنەواری زۆر مەترسی هێنەر لە سەر لەش دادەنێ. بیرکردنەوەی مرۆڤ لاواز دەکا، مرۆڤ جنێوفرۆش و هێرشبەر دەردێ، شوێنەواری لەسەر مێشك و دڵ، هەروەها هێندێ جار تووشبوو وەکو شێتێك هەڵسوکەوت دەکا. مەسرەفی ئەم



ماددەیە ئەم حاڵەتانە لە تووشبوو پێك دێنێ: بێخەوی، کەم ئیشتیبایی، خێرا قسەکردن، بێتاقەتی، پەرێشانی و دڵەراوکێ.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە لاوان هان دەدا روو لەم

مادده‌هۆشبه‌ره بکه‌ن، ئه‌و پروپاگه‌نده‌یه که ده‌ڵێن ئه‌م مادده‌یه کاری سکسی به‌هێز ده‌کا، به‌ڵام له درێژخایه‌ندا، به پێچه‌وانه‌ی ئه‌و پروپاگه‌نده‌یه ئه‌م مادده‌یه به ته‌واوی تووشبوو له کاری سکسی ده‌خات. مه‌ترسییه‌کی دیکه‌ی ئه‌م مادده‌یه گواستنه‌وه‌ی نه‌خۆشییه‌کانی "هپاتیت و ئه‌یدز"ه.

ئه‌و کریستاڵه‌ی(شووشه) له ئێران دروستده‌کرێ له تاقیگه‌کاندا، له پاڵاوتنی هیرۆئین دروستده‌کرێ که ٩٠ تا ٩٥٪ی هیرۆئینی پاڵاوتوو ئه‌م مادده‌یه پێکدێنێ. به گشتی له ١٧ کیلو تریاك ١ کیلۆ کریستاڵ دروستده‌کرێ و هه‌ر وه‌ك پێشتر ئاماژه‌ی پێ کرا ئه‌م مادده‌یه‌ش هه‌ر وه‌کو کراك ١١٠ تا ١٤٠ به‌رابه‌ری تریاك و هیرۆئین شوێنه‌وار له سه‌ر مێشك و عه‌سه‌به‌کان داده‌نێ.

کریستاڵ جیا له شووشه و ئایس له نێو تووشبوواندا، به "مت" و "تینا"ش ناسراوه.

دوای مه‌سره‌فی کریستاڵ لێخورینی سه‌یاره جێگای مه‌ترسییه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی تووشبووان پێیان خۆشه کاری مه‌ترسیدار بکه‌ن و ئاگایان له خۆیان نییه و تووشی رووداوی دڵته‌زێن ده‌بن.

**نیشانه‌کانی به‌کارهێنان:**

ئه‌و که‌سانه‌ی ئه‌م مادده‌یه به‌کاردێنن :

١- تووڕه و سه‌رخۆش ده‌بن، هه‌سته‌کانیان تێکده‌چێ، بێقه‌رار ده‌بن و دڵه‌راوکێ و ترسیان لێ په‌یدا ده‌بێ.

٢- تووشی رشانه‌وه و زگ چوون ده‌بن.

٣- چاویان لاواز ده‌بێ.

٤- لێدانی دڵیان زۆر ده‌بێ و زه‌ختی خوێنیان تێکده‌چێ.

٥- باری پیشه‌یی و کۆمه‌ڵایه‌تییان تێکده‌چێ.

**شوێنەواری مەسرەفی ئەم ماددەیە:**

١- تووشبوون و بەردەوام بەکار هێنانی ماددە.

٢- نەخۆشییەکانی دەروونی.

٣- کەمبوونی کێشی لەش.

٤- تێکچوونی هاتوچۆی خوێن بۆ دڵ.

٥- نەخۆشی پێست.

٦- مێشك و بیرکردنەوە تووشی تێکچوون دەبن.

٧- دڵەراوکێ.

٨- مردن (بە هۆی خوێنرێژی مێشك، زۆر بوونی گەرمای لەش، تێکچوونی لێدانی دڵ)

لە چەند دەیەی رابردوو بەم لاوە، کەڵکێکی زۆر لە ماددەهۆشبەرەکان لە کاری پزیشکی وەرگیراوە. ئەم ماددەیە لە کورت خایەندا شوێنەواری باشی لەسەر نەخۆشەکان بووە، بەڵام لە درێژخایەندا، نەخۆش لەگەڵ بەکارهێنانیان رادێت و ناتوانێ وازی لێبێنێ و هەروەکو تووشبووی ماددەهۆشبەرەکان شوێنەواری بەکارهێنانی ئەم دەرمانە پزشکییانە لەو نەخۆشانەدا دەردەکەوێ.

زۆر جار تووشبووانی ماددەهۆشبەرەکان، کاتێك ماددەی هۆشبەریان دەست ناکەوێ روو لە دەرمانە هۆشبەرە پزشکییەکان دەکەن و بە بیانووی جۆراو جۆر لە نەخۆشخانەکان وەری دەگرن. لەم ژمارە بە دواوە تێدەکۆشین ئەو دەرمانە هۆشبەرانە بناسێنین و شوێنەوارەکانیان بخەینە بەرباس.



**ئاکامی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان**
**مردن لەسەر شەقام و کۆڵانەکانە**

**ئامفتامين:**



تێکەڵاوی کیمیایی"ئامفتامین" بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٢٧ی زایینی لە شاری لوس ئەنجلسی ئەمریکا دروستکراو تا ساڵی ١٩٣٠ لە ئاستێکی بەربڵاو نەهاتە بازاڕ، بەڵام هۆشبەری ئەم دەرمانە بەخێرایی دەرکەوت. کاتێك شوێنەواری دەروونی ئامفتامین بۆ یەکەم جار دەرکەوت، خوێندکاران بە شێوەیەکی نارەسمی وەك دەرمانێکی هاندەر کەڵکیان لێوەرگرت."اسوالد"(oswald) و "تاکور"(thacore) دوو کەس لە لێکولەرەوەکان لە ساڵی ١٩٥٣ی زاینی رایانگەیاند ماوەیەکی زۆر بەدوای وازهێنان لە خواردنی ئامفتامین شوێنەواری ئەم دەرمانە لە سەر مێشك دەمێنێ.

بەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی، زۆربەی خەڵك بۆیان دەرکەوت تێکەڵاوی ئامفتامین دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئیشتیا و بۆ کەمکردنەوەی کێشی لەش باشە. پسپۆڕان بە شێوەیەکی بۆیان دەرکەوت، بەکارهێنانی ئەم ماددەیە گرفت و شوێنەوەاری خراپی بەدواوە دەبێ. لەبەر ئەوەی بەکارهێنەرانی ئەم دەرمانە تووشی خەمۆکی و بێ دەسەڵاتی دەبن و بۆ لە بەینبردنی ئەو خەمۆکییە پێویستیان بە بەکارهێنانی زۆرتری حەبەکانی ئامفتامین دەبێ.

لەم سەردەمەدا، لە ئامفتامین بۆ چارەسەرکردنی کێشی لەش (دابەزاندنی کێش) کەڵك وەرناگیرێ. تەنیا لە یەك کاتدا، بۆ چارەسەری نەخۆشی "نارکولپسی" (narcolepsy) کە دەبێتە هۆی خەوی لەنەکاو، هەر بۆیە نەخۆش پێویستە بەردەوام حەبی ئامفتامین بخوات تا وەخەبەر بێت و خەوی لێ نەکەوێ. سەرنجڕاکێش ئەوەیە تووشبووان بە ماددەهۆشبەرەکان بۆئەوەی پزشکەکان ئەو دەرمانەیان بۆ بنووسن لاسایی

نەخۆشی نارکولپی دەکەنەوە. بەداخەوە بە سەدان هەزار کەس تووشبووی ئامفتامین لە جیهاندا هەیە و لە ساڵدا ٤ ملیۆن حەبی ئامفتامین بە شێوەی یاسایی بەکاردێنن و بەشێکی دیکەش ئامفتامینی پێویستی خۆیان لە ڕێگای نایاساییەوە وەدەستدێنن.

## نیشانەکانی تووشبوون بە ئامفتامین:

تووشبووان بە ئامفتامین بە هۆی کەم ئیشتیایی کز و لاواز، هەروەها دڵناسك دەبن و ئارام و قەراریان نامێنێ و بێخەو دەبن. زۆربەی تووشبووان ئەم دەرمانە لە ڕێگای زاریانەوە بەکاردێنن و هێندێکیشیان لە ڕێکای دەرزی لێدان لە دەمارەکانی خوێن بەکاری دێنن. زۆربەی تووشبووان کاتی دەرزی لێدان خاڵەکانی پاراستنی تەندروستی ناپارێزن و تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبن و ئەو شوێنەی دەرزی لێدەدەن ئیلتیهاب دەکات.

تووشبوو لە ژیانیدا، تەنیا یەك ئامانجی هەیە، ئەویش بەدەستهێنان و بەکارهێنانی ئامفتامینە. ئەوان هۆگرییان بە خێزان، ئیش و کار و برادەرەکانیان نامێنێ و زۆر جار ڕاست وێژی و دروستکاری خۆیان لەدەستدەدەن. ئەگەر لە کاتی کڕینی ئەم دەرمانە پارەی پێویستی پێنەبێ، لەوانەیە دزی بکا، تەنانەت لە خزم و کەسوکار و برادەرانی. بەڵێن دەدەن و دواتر جێبەجێی ناکەن. زۆر جار بە هۆی ساختەکاری بەڵگەنامەی پزشکی دەکەونە بەر بە دواکەوتنی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس.



## شوێنەواری بەکارهێنانی بەردەوام:

ئەگەر لە ماوەیەکی دوور و درێژ بەکاربێت، تووشبوو جەرگی تووشی نەخۆشی دەبێت و گرفتی دەروونی زۆری بۆ دروستدەبێ و تووشی وەهم و خەیاڵی گەورە دەبێت.

## شوێنەواری وازهێنان:

تووشبووان، ئەگەر بیانەوێ واز لە بەکارهێنانی ئامفتامین بێنن، لەگەڵ بێخەوی، ماندوویەتی، بیانوو گرتن و خەمۆکی بەرەو روو دەبن.

## وازهێنان:

ئەگەر کەسێك بە رێنوێنی پزشك دەستی بە بەکارهێنانی یاسایی ئامفتامین کردووە، پێشنیار دەکەین پزشکی خۆی بگۆڕێ. زۆربەی پزشکەکان، بەکارهێنانی زۆری ئامفتامین رەددەکەنەوە و لەو بڕوایەدان، بۆ یارمەتیدانی نەخۆشەکە دەبێ رادەی ئامفتامین رۆژبەرۆژ کەم بکەنەوە. بۆ کەمکردنەوەی خەمۆکی دەروونی و لە کاتی وازهێنان، پێشنیار دەکرێ لە ماوەی هەر دوو هەفتە جارێك بەکارهێنانی ئەم دەرمانە هۆشبەرە ببێتە نیوە.

ئەگەر ئامفتامین بە شێوەی نایاسایی وەدەست هاتووە و بەکاربراوە، دەبێ لەگەڵ پزشکی خۆمان بۆ وازهێنان داوای یارمەتی بکەین و تەواوی راستییەکان لەو پەیوەندییەدا باسبکەین. لە وازهێنانی ئامفتامیندا، هەروەك ماددەکانی دیکە، هۆکار و چۆنیەتی دەستپێکردن و تووشبوون زۆر گرینگە و ئەگەر ئەو هۆکارانە دیسان دووبارە ببنەوە لەوانەیە دیسان دەست بە بەکارهێنانی ئامفتامین بکاتەوە.



**شوێنەواری بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لەسەر سەروچاوی تووشبووان**

**باربی چوریت (باربی توریت):**

ئەم دەرمانە بۆ یەکەم جار، بە هۆی لێکۆڵەرەوێکی کیمیایی بە ناوی "ئادوڵف فن بایر" ساڵی ١٨٦٤ لە شاری "گێنت" (Ghent) دروستکرا. لەو کاتەوە تا ئێستا زیاتر لە ٢٥ هەزار جۆر باربی چوریت دروستکراوە، کە دەوروبەری ٥٠٠ جۆری بۆ بەکارهێنان هاتووەتە بازاڕ. ئەم دەرمانە بۆ یارمەتی کەسانی دەمارگیرو پەرێشان یا وەکو حەبێکی خەوهێنەر بۆ ئەو کەسانەی لە بیخەویدا، دەناڵێنن دەدرێ و بە بێشك وەکو دەرمانێکی هێدی کەرەوە شوێنەواری خۆی هەیە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ کاتێك نووسەرێك لە نێو کتێبی خۆیدا، تووشبوون بە باربی چوریت مەترسیدارتر لە مۆرفین دانابوو، بۆ یەکەم جار ئەم دەرمانە وەکو مەسەلەیەکی گرینگ هاتە بەرباس. لێکۆڵینەوەیەك لە ناوەندی تەندروستی گشتی جیهانی بۆ تووشبووان لە ویلایەتی"کنتاکی" تاقیکارییەکی گرینگ لەسەر پێنج کەس لە تووشبووان بە باربی چوریت کرد و لەو تاقیکارییەدا، سێ مانگ بەدوای وازهێنان لە بەکارهێنانی ئەم دەرمانە تووشی نەخۆشی دەروونی و گرژی بوون.

ساڵی ١٩٧٠ دەرکەوت بە هەزاران کەس بە باربی چوریت راهاتوون و بەردەوام بەکاری دێنن. دوکتور"ئێف، ئۆ.ولز _ Dr.F.O.Wells" کە لە شاری "ئیپسویچ _ Ipswich" دەژی، لە گۆڤاری پزشکی گشتییەکانی کالێجی پاشایەتی ئینگلیز لە ساڵی ١٩٧٣ دا، وتارێکی نووسیوە، لەو وتارەدا ئەو لەگەڵ هاوکارانی بەبێ جیاوازی نەخۆشەکانی تووشبوو بە باربی چوریت بە هۆی نەگەیشتنی ئەم دەرمانە، تووشی گرژی لەش بوون، کە ئەمە مەترسییەکی گەورە بووە بۆ خۆکوژی. هەر بۆیە داوا دەکەن بۆ هیچ نەخۆشییەك لەم دەرمانە بەکارنەهێنن. دەوترێ لە ئەمریکا باربی چوریت لە ساڵدا، دەبێتە هوی مردنی ١٠ هەزار کەس و ساڵی ١٩٧٢ ئەم دەرمانە بووەتە هۆی خۆکوژی هەزار کەس لە بریتانیا.

پزشکێکی دەروونناسی ئەمریکایی توانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو تووشبووانەی تەمەنیان لە سەرووی ٥٠ ساڵە و تووشی لە بیرچوونەوە (فەرامۆشی) و گێژی ببوون،

شێوە دەرمانێکی نویٚ بدۆزێتەوە، ئەویش دوورکردنەوەی ئەم نەخۆشانە لە چنگ تووشبوون بە باربی چوریت بووە.

بەشێك لە پزشکەکانی جیهان ئەم تاقیکاریەیان لە شاری"لکسینیگتون"وەرگرت و دەریانخست کە تێکەڵاوەکانی دەرمانی باربی چوریت بەرادەیەکی زۆر تووشبوون دێنی و دەرمانێکی زۆر مەترسیدارە.

ساڵی ١٩٧٥ لە ئینگلیز دەوروبەری ٥٠٠٠٠٠ کەس بە شێوەی ڕێکوپێك تێکەڵاوەکانی باربی چوریت یان بەکارهێناوە و ١٠٠٠٠٠ کەسیان تووشبوون و لەگەڵ ئەم دەرمانە هۆشبەرە راهاتوون. پسپۆڕان بۆیان دەرکەوتووە، تێکەڵاوەکانی باربی چوریت هەرچەند لە سەرەتادا، هەروەك مەشروب شوێنەواری کاتی هەیە، بەڵام لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی لەبەین چوونی کەسایەتی و دروستبوونی ترس و دڕندەیی. بەو حاڵەش بە هەزاران پزشکی گشتی ئێستاش بۆ ئەو نەخۆشانەی گرفتی بێخەوییان هەیە یا پێویستیان بە ئارامی دەماریی هەیە لەسەر رای پزشك تێکەڵاوەکانی باربی چوریت بەکاردێنن.

**نیشانەکانی تووشبوون:**

تووشبووان بە تێکەڵاوەکانی دەرمانی باربی چوریت بەردەوام لە نەخۆشییەکانی ئەم دەرمانە هۆشبەرە وەك: لەرزینی ئەندامانی لەش، تووڕەیی، بێخەوی، گرژی، پەرێشانی و هەستیاربوون لە بەرامبەر هەموو شتێك، دەناڵێنن. ئەوان جاروبار لە هۆش دەچن، زۆر بە سەختی هەست و هۆشیان کۆدەکەنەوە، لە رادەبەدەر تووشی کارەساتی لێخۆڕینی ئۆتۆمبێل دەبن و زۆریان پێخۆشە ژیانی نهێنی بەرنەسەر و لە تەنیاییدا بمێنن. تووشبووان بەم دەرمانە، ئەگەر بە شێوەیەکی نایاسایی دەرمانی پێویستی خۆیان بکرن، تووشی گرفتی ماددی دەبن و لەوانەیە روو بکەنە دزی کردن، تەنانەت لە دۆست و برادەر و ئەندامانی بنەماڵەی خۆی. بە گشتی نەخۆشییەکانی تووشبووان بە باربی چوریت هەروەك تووشبووان بە مەشرووب لە درێژخایەندا، تووشی

گرژی و ئاڵۆزییە دەروونییەکان و هەروەها خەمۆکی لە بەکارهێنانی باربی چوریت زۆرتر دەبێت. بەکارهێنانی لە رادەبەدەری ئەم دەرمانە لە کۆتاییدا مرۆڤ تووشی مردن دەکا.

### شوێنەواری وازهێنان:

ئەو تووشبووانەی کە روودەکەنە وازهێنانی ئەم دەرمانە هۆشبەرە، لەوانەیە لە بێخەوی و دێوەزمەیی شەوانە، زۆر پەرێشان و حەساس بن و لە لەرزینی لەشیان بناڵێنن. لەوانەیە تووشی گرژی و جەڵتە بن. بە گشتی شوێنەواری وازهێنان هەروەك وازهێنانی مەشرووبە. شوێنەواری وازهێنان لەو تووشبووانەی ماوەیەکی دوور و درێژ باربی چوریتیان بەکارهێناوە، بەرادەی چەند رۆژ دەردەکەوێ.

### چونیەتی وازهێنان:

پێشنیار بۆ ئەو کەسانەی باربی چوریتیان لە سەر رای پزشك بەکارهێناوە ئەوەیە پزشکی خۆیان بگۆڕن. بەشێکی زۆر لە پزشکەکان بەکارهێنانی زۆری ئەم دەرمانە رەتدەکەنەوە و لە وازهێناندا بڕوایان بە کەمکردنەوەی دەرمان هەیە. لەو کاتانەی تووشبوو باربی چوریتی لە رێگای نایاساییەوە بەدەستهێناوە، پێشنیار ئەوەیە ئەم گرفتە لەگەڵ پزشکی خۆی باسبکات و دڵنیابن ئەو داننانەی تووشبوو یارمەتییەکی زۆر بۆ وازهێنان و هەروەها هەڵویستی پزشك بۆ وازهێنان دەدات. وازهێنانی ئەم دەرمانە لەوانەیە تووشی جەڵتە و لەهۆش چوونی بە دواوە بێت هەر بۆیە پێشتر دەبێ لە سەر رای پزشك و رێنوێنی ئەو وازبێنین.

خاڵی گرینگ لە دەرمانی تووشبووان، ئەوەیە نابێ تووشبوو، بە یەکجاری لەو ماددەیە بێبەش بکری و دەبێ وردە وردە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەکارهێنانی کەم بکاتەوە. کاتی پێویست بۆ وازهێنان بەستراوەتەوە بە رادەی مەسرەفی ئەم دەرمانە لە رابردوو، ماوەی تووشبوون و جۆری باربی چوریتی بەکارهاتوو. کاتی وازهێنان

هەروەك ماددەكانی دیكە دەبێ روون ببێتەوە، بۆ ؟ و لەبەرچی تووشی ئەم ماددەیە بووین. ئەگەر هەلومەرجی، شوێن و ئەو هۆیانەی تووشبوونی بە دواوە بووە لانەچن، لەوانەیە تووشبوو، دوای وازهێنان دیسان روو بكاتەوە بە مەسرەفی ئەم دەرمانە هۆشبەرە.




**یەكێك لە تووشبووان بەدوای بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر**

**بێنزودیازپام:**

بنزودیازپام بەرهەمی تاقیکاری لە سەر دوو مادده بە ناوەکانی"بێنزوفنون"و "هیپتوکس دیازین"لە ساڵی ١٩٥٤ بە هۆی دوکتۆر"لیواچ ئسترن باك-Dr.leo.H.Sternbach"کە لە ویلایەتی نیوجرسی ئەمریکا ئیشیدەکرد، دروستکرا. ئەم تاقیکارییە ماوەیەکی دوور و درێژی خایاند و تەنانەت لیواچ ئسترن باك نائۆمێد ببوو. لە ئاکامدا ساڵی ١٩٥٧ بەرهەمی ئەو تاقیکارییە ماددەیەکی نوێ بە ناوی "بێنزودیازپام"دروستکرا. ئەم ماددەیە وەك دەرمانێکی خەوهێنەر، هێدی کەرەوە و دژە ئازار ناسراو لە بەهاری ساڵی دواتر بە ماددەیەکی تەواو نوێ ناسرا.

لەو کاتەوە، هەموو شتێك بە خێرایی بەرەوپێشدەچوو، بێنزودیازپام وەك: دەرمانێکی هێدی کەرەوە، دژی لەرزینی لەش و چارەسەرکردنی پەرێشانی دەرکەوتووە. پێش گەیشتنی مانگی مارسی ١٩٦٠، تەواوی تاقیکارییە سەرەتاییەکان لەسەر ئەم ماددەیە بەرێوە چوو، بە دوای ئەم سەرکەوتنە لە لایەن بەڕێوەبەری مەوادی خواردن و دەرمانی ئەمریکا لە بازاڕدا، بە ناوی"لیبریوم" بڵاوبووە.

یەکەمین دەرمانی بێنزودیازپام، سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لە ماوەی چەند مانگدا، کۆمپانیای دەرمانی"روش"و کۆمپانیاکانی دیکە بە دوای جۆرەکانی ئەم دەرمانە نوێیە کە سەرکەوتنی وەدەستهێنابوو دەگەڕان و دەرکەوت ئەم دەرمانە نوێیە پەرێشانی لە بەین دەبات و لە خەوتن و ئارامکردنی توندوتیژی و حەسانەوەی ماسوولکەکاندا، کاریگەری زۆرە. تێکەڵاوە دەرمانییەکانی نوێی بێنزودیازپام بە خێرایی بڵاوبووە. ساڵی ١٩٦٣"ڤالیوم" هاتە بازاڕ. بە پێی سەرچاوەکان ساڵی ١٩٧٩ دەوروبەری ٧٠٠ جۆر بەرهەمی دەرمانی وەك: "ڤالیوم" گەیشتە دەستی خەڵکی.

ئەم دەرمانە نوێیە، لە نەخۆشخانە و عیادەکان لە لایەن پزشکەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار هاتووە و وای بۆ دەچوون سەرەڕای کاریگەری لە سەر نەخۆش هیچ چەشنە مەترسییەکی نەبێ و ئەو پزشکانەی لە مەترسییەکانی باربی چوریت ترسیان هەبوو، دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەم دەرمانە نوێیە.

له کوتاییەکانی سالآنی ٦٠دا، تێکەلاوەکانی دەرمانی بێنزودیازپام و دەرمانە وێچووەکانی نیزیکەی ٦/٥٪ی لە تەواوی ئەو دەرمانەی بووە کە لە لایەن پزشکانەوە بە نەخۆش دراوە پێکهاتووە. ساڵی **١٩٧٧** دەوروبەری **٤٥** ملیۆن پسوولەی پزشك لە دەرمانەکانی هێدی کەرەوە بە نەخۆشەکان دراوە، "لیبریوم"و "ڤالیوم" دەوروبەری یەك لە پێنجی تەواوی عیلاجەکانی پێکهێناوە.

## نیشانەکانی تووشبوون:

تووشبوو بە بێنزودیازپام هەمیشە خەمۆك، ماندوو، بێهەست و تا ئەندازەیەك بێ قەرارە. سەرەڕای ئەمانە لەوانەیە کردەوەی خۆی بشارێتەوە. ئەگەر دەرمانی لێ کەمبکرێتەوە، هەروەك تووشبووەکانی دیکە نارەحەت، ترسنۆك و لەوانەیە هێندێك لەم دەرمانە لە کۆن و کەلێنەکانی ماڵ یا شوێنی دەوام بشارێتەوە. سەرەڕای بەکارهێنانی حەبی خەوهێنەر، زۆر جار تووشی بێخەوی دەبن. ئەگەر دەرمانی پێویستی خۆی لە رێگای نایاساییەوە وەدەستبێنێ لەوانەیە لەگەڵ گرفتی ماددی بەرەو روو بێت. هەر بۆیە دەستدەکاتە دزی کردن لە خزم و برادەرەکانی. بەکارهێنانی ئەم دەرمانە هۆشبەرە لە درێژخایەندا، تووشیبوو لەگەڵ گرفتی زۆری جەستەیی و دەروونی دەکات.

ئەو تووشبووانەی دەیانەوێ واز لە بەکارهێنانی ئەم دەرمانە بێنن، لەگەڵ گرفتی زۆر و جۆرا و جۆر بەرەو روو دەبن وەك: لەرزینی لەش، قسەی بێماناکردن، پەرێشانی، سەرگێژە، بێخەوی، لاوازبوون لە کۆکردنەوەی هەستەکان، حاڵەتی رشانەوە، هەستکردن بە تامی ئاسن لە نێو زار، خەمۆکی، سەرئێشە، شپرزی لە بەڕێوەبردنی ئیش و کار، حەساسییەتی زۆر بە دەنگ و رووناکی، ماندوویەتی، تاربوونی چاو، خۆراندنی لەش و هەست بە سەرماکردن، ماسوولکەکان هەست بە ئێش و ئازار و هێندێ جار کۆتران دەکەن، لاوازی لە قسەکردن، وەهم و خەیالات، ئالۆزی، عارەقەکردن و لەهۆشچوون.

## وازهێنان:

تووشبووان بە بێنزودیازپام، ئەگەر بیانەوێ واز لە بەکارهێنانی ئەم دەرمانە بێنن، دەبێ کەم کەم رادەی بەکارهێنانی ئەم دەرمانە کەم بکەنەوە. رادەی کەمکردنەوەی بە بەکارهێنانی بێنزودیازپام بەستراوەتەوە. هەر دوو حەوتوو، جارێك بکرێتە نیوە تا ئەو کاتەی کە نەتوانن لەوە زیاتر نیوەی کەن. ئەگەر لە رۆژدا، شەش حەب بەکار دێنن، لە ماوەی چوار رۆژدا بکرێتە پێنج و دواتریش لە ماوەی چوار رۆژدا بکرێتە چوار دانە. بەم شێوەیە لە ماوەی دوو حەوتوودا رادەی بەکارهێنان دەبێتە نیوە.

هەروەك پێشتر سەبارەت بە تووشبوون بە ماددەکانی دیکەدا گۆترا، دەرکەوتنی هۆی دەست پێکردنی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان زۆر گرینگە. ئەگەر هەلومەرج و زەحتەکانی تووشبوو دوای وازهێنان ئالۆگۆڕی بەسەردا نەییێت، بە دوای وازهێنان زۆر بە خێرایی دەست بە بەکارهێنانی ئەم ماددەیە دەکاتەوە.

## مەترسییەکانی تووشبوون:

سالّی ١٩٧٢ لە گۆڤاری"نەخۆشییە دەروونییەکانی ئەمریکا- American Journal Of Psychiatry"راپۆرتێکی بلاوکردەوە و بە وردی شیکردۆتەوە، چۆن شەش کەس لە نەخۆشەکانی تووشبوو بە بێنزودیازپام تووشی لەرزین، ترس، خەمۆکی و بێخەوی بوون. بە پێی ئەم راپۆرتە ئەم نەخۆشانە بەر لەوەی لەگەلّ بەکارهێنانی ئەم دەرمانە ئاشنا بن، خاوەنی هەستێکی نەرم بوون، بەلام بەدوای بەکارهێنانی ئەم دەرمانە، لەنەکاو نیشانەکان و گرفتەکانی زۆر مەترسیدار لەوان وەدەرکەوت و کاتێك وازیان لە بەکارهێنانی دیازپام هێنا ئەم نیشانانە نەمان.

# L.S.D

**نیشانەکانی تووشبوون:**

بەکارهێنەرانی ئەم جۆرە مەوادە تا ماوەیەکی دوورودرێژ بە دوای وازهێنان لە خەیالات و وەهمی زۆر دەناڵێنن و خەویان تێکدەچێ، لەوانەیە تووشی سەرگێژە، عارەقەکردن، پەرێشانی و تێکچوون بن. گرفتی ماددی یەکێکی دیکە لە شوێنەوارەکانی بەکارهێنانی ئەم ماددەیەیە.

**شوێنەواری لە درێژخایەندا:**



بەکارهێنەرانی L.S.D و ماددەکانی دیکەی وەهم و خەیاڵهێنەر، تووشی دڵەراوکێ و گرفتەکانی دیکەی دەروونی لە درێژخایەندا دەبن. بەدوای تێپەڕبوونی ٦ مانگ لە بەکارهێنانی ئەم مەوادە، لەوانەیە شوێنەواری بەکارهێنان دیسان دەربکەوێت، هەرچەند ئەم شوێنەوارە کورت خایەنە بەڵام لەوانەیە تا ماوەیەکی دوور و درێژ بمێنێ.

**شوێنەواری وازهێنان:**

L.S.D تووشبوونی بەدواوە نییە، کەوابوو بەدوای وازهێنان هیچ چەشنە شوێنەوارێك لە بەکارهێنەرانی نابیندرێ.

L.S.D کورتکراوی لیسرجیك، ئەسید دیئیتل ئەمید ٢٥( dlysergic acid diethlamid 25) لەوانەیە بەناوبانگترین ماددەی خەیاڵهێنەر و وەهم هێنەر بێت. ئەم ماددەیە لە نێو تاقیگە کیمیایی، دروستدەکرێت، بەڵام هێندێك لەو ماددە هۆشبەرە خەیاڵی و وەهم هێنەرانە لە نێو شروشتیشدا، زۆرە وەك: "مێسکالین" لە کالتوسی بێ دڕك لە ولاتانی مەکسیك و بەشێك لە باشووری رۆژئاوای ئەمریکا هەیە. "پسی لوسی مین"، یەکێکی تر لە

مادده وەهم هێنەرەکانە، لە جۆرێك کارگ (قارچگ) کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە پەروەردە دەکرێ. ئەم ماددەیەن کاریگەرییەکی تایبەتی زۆری هەیە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەچێنرێت. ماددەیەکی دیکەی خەیاڵی)ﱢ STP,serenity,tranquliy andpeace)یە ئەم ماددەیە جیا لە خەیاڵهێنەری، ئارامکەریشە.

Dom کورتکراوەی فرمولی کیمیایی ماددەی ٢.٥ "دی منکسیێل"ە( Dom- 25 dimethoy) متێل ئامفتامین (methl amphetamine) لەو مادده وەهم هێنەرە سروشتییانەیە.



L.S.Dو هەموو مادده خەیاڵهێنەرەکانی دیکە، لە ساڵەکانی ١٩٦٠، ١٩٧٠ پێشوازییەکی زۆری لێکرا. شوێنەوار و ڕەنگدانەوەی ئەم ماددەیە هەم ئەو کات و هەم ئێستا بە تەواوی دەرنەکەوتووە. بە هۆی بەکارهێنانی ئەم مەوادە، هەر پێنج هەستی مرۆڤ بەهێز دەبن. ڕەنگەکان ڕووناکتر دێنە بەرچاو، هێندێك لە تووشبووانی ئەم مەوادە تووشی بیرکردنەوەی قووڵ دەبنەوە و خەیاڵاتی زۆر گەورە دەکەن و وەهم دەیانگرێ، هەر بەو هۆیەوە زۆر جار کارێکی نائاسایی دەکەن و لەوانەیە گیانی خۆیان لەدەست بدەن.



**تووشبوویەکی دیکە بەدوای بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان**

**یاپا:**

یەکێکی دیکە لە ماددەهۆشبەرە وەهم و خەیاڵهێنەرەکان" یاپا"یە ئەم ماددەیە حەبێکی سوورە لە وڵاتی بێرمە دروستدەکرێت و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بێرمە و تایلەندا بڵاوبووەتەوە و هەر کەسێك ئەم ماددەیە بەکاربێنێ تووشی وەهم و خەیاڵ دەبێت و بە خەیاڵی دەبێتە پاڵەوان و پاشاو دەتوانێ بە ئاسماندا بفرێ. هەر بۆیە زۆر جار روو دەکەنە شوێنە بەرزەکان خۆیان بەردەدەنەوە تا بە ئاسماندا بفڕن، جاری واش هەیە بۆ راگرتنی سەیارە خۆیان وەبەردەدەن تا رایگرن.

لە تایلەند چەندین منداڵ، بە هۆی باوکیانەوە کە ئەم ماددەیان بە کارهێناوە سەر بڕاون. شارەزایان دەڵێن کاریگەری ئەم ماددەیە لە هیروئین و کوکائین لە سەر تووشبووانە زۆرترە.

**وازهێنان:**


بۆ وازهێنان، بەکارهێنانی ئەم مەوادە دەبێ راگرین. ئەم مەوادە لە سەر یەك سەرەڕای مەترسییەکانی لە کاتی بەکارهێنان، تووشبوونی بەدواوە نییە و بەکارهێنەران بۆ وازهینانی کەمتر تووشی گرفت و ئاڵۆزی دەبن.



**تووشبوویەکی دیکە لە چاوەڕوانی مردندا**

### ئێکستازی (Ecstasy):

ئەم دەرمانە، یەکەم جار ساڵی ١٩١٤ی زاینی له لایەن شەریکەیەکی ئەڵمانی




بە ناوی "مێرك" وەك دەرمانێك بۆ کەمکردنەوەی ئیشتیای خواردن دروستکرا، بەڵام دواتر بە هۆی زیانەکانی لە سەر لەشی ئەو کەسانەی بەکاریان دەهێنا وەلانرا. دوای ماوەیەك لە دەیەی ٧٠ی زاینی لە "رەوان دەرمانی" بۆ یارمەتیدان بەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە بەکاربرا. دواتر لە تاقیگەکاندا، لە سەر مێشکی چەند حەیوانێك کە ئێکستازییان پێ درابوو ئاسەواری لە سەر مێشکیان دەرکەوت هەر بۆیە بەکارهێنانی راگیرا.

لەم ساڵانەی دوایی مەسرەفی ئەم مادەیە لە مێوانییەکانی شەوانە بە ناوی "ئێکس پارتی" زۆری کردووە. هۆی سەرەکی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزابوون لە زیانەکانی لە درێژخایەن دایە. ئەم ماددەیە لە کاتی بەکارهێنان و نەشەییدا، هێزی لەش زۆر دەکا، هەستی زۆر بۆ پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر پێکدێنێ، زۆر بوونی وشیاری و تێگەیشتن لە موسیقی، بەهێزبوونی هەستەکانی: دیتن و بۆن کردن، هەست بە رووناکی زۆر و لە باوەش گرتن و ماچکردنی کەسانی دەوروبەر لە شوێنەواری ئەم ماددەیە لە کاتی نەشەبوون دایە.

بە هۆی زۆر بوونی هێزی لەش، بەکارهێنەرانی دەتوانن تا ماوەیەکی دوور و درێژ سەما بکەن و گۆرانی بخوێنن. شوێنەواری دیکەی ئەم ماددەیە کەمبوونی ئیشتیای خواردن، گەورە بوونی گلێنەی چاو کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە نێو مێوانییەکان لە کاتێکدا رووناکی زۆر کەمە تووشبووان مەجبوور دەبن لە چاوێلکەی دژە خۆر لە شەو

کەڵك وەرگرن. هەروەها بە جم و جوڵی ناسروشتی چاو، زۆر بوونی لێدانی دڵ و زەختی خوێن، قوفڵ بوونی زاریان کە بۆ پێشگیری لەو حاڵەتە بەردەوام بنێشت دەجون. ئەم شوێنەوارانە لە نێوان ٣ تا ٢٤ کاتژمێر دەمێنن و بە دوای تەواوبوونی مەیلێکی زۆر بۆ دووبارە بەکارهێنانی لە تووشبووان هەستپێدەکرێ.

تووشبوون بەم ماددەیە شوێنەواری زۆری دەروونی دادەنێ و وازهێنان زۆر دژوارە. بەداخەوە رادەی مەسرەفی ئەم ماددەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئێران و تورکیا لە پەرەسەندن دایە. مەترسی مردن لەگەڵ مەسرەفی ئەم ماددەیە زۆرە و هیچ چەشنە دژە ژەهرێك تا ئەورۆ بۆ تووشبووان بە ئێکس دروستنەکراوە.



**شوێنەواری کورت خایەن:**

ئێکستازی دەبێتە هۆی زۆر بوونی هێزی لەش و پێکهێنانی وەهم لە تووشبووان. تووشبووان دەڵێن بە دوای بەکارهێنان پێیان خۆشە نیزیکی کەسانی دەوروبەریان ببنەوە و پەیوەندییان لەگەڵ ببەستن، تەنانەت لە هێندێك شوێن لەو مێوانییانە کاری سێکسی بە کۆمەڵیش دەکەن. (مەبەست ئەو مێوانییانەیە لە وڵاتانی دەرەوەی کە لە کور و کچ پێکهاتوون) لە شوێنەوارەکانی دیکەی ئەم ماددەیە ددان جیڕکردن، لەرز و ئارەقەی زۆر، تاریك دیتن، زۆربوونی لێدانی دڵ و زەختی خوێن و دروستبوونی تەشەنوج. (مەبەست گیرانی ماسولکەکانی لەشە).

مەوادی هاندەر لە ئێکستازی دەبێتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەما بکەن. ئەگەر ئەو کارە لە نێو گەرما و قەرەباڵغی ( بۆ وێنە لە پارتییەکان) بەڕێوەبچێ دەبێتە هۆی زۆربوونی تاو لەدەستدانی ئاوی لەش (بەشێوەی ئارەقە کردن) ئەم وەزعە دەتوانێ ببێتە هۆی لە دەستدانی چالاکی

ماسولکەکان، گورچیلە، دڵ و جەرگ. لەم حاڵەتەدا تووشبوو بەرەو مەرگ و نەمان نیزیك دەبێتەوە.

ناوی زانستی حەبی ئێکستازی " متیل دی ئێکس متیل ئامفتامین" و هەر حەبێکی دوای خواردنی بەدوای ١٥ تا ٩٠ خولەك شوێنەواری لە تووشبووان دەردەکەوێ و ئەم شوێنەوارە تا ٢٤ کاتژمێر دەمێنێ. ئێکستازی لە مانای وشەییدا" شادی زۆر" دەگەیەنێ. دەرمانێکی سپی و تاڵە و بە ئاسانی لە نێو ئاودا، حەلدەبێت و بە شێوەی حەبی کەپسول، بنێشت، تۆزی ساردی دروستکراوە، جاری وایە لە رێگای تەزریق لە دەمارەکانی خوێن بەکاری دێنن.

## شوێنەوارەکان درێژ خایەن:

شوێنەوارەکان و زیانەکانی سەرچاوە گرتوو لەم ماددەیە، لە لێکوڵینەوەکان دەری خستووە کە ٩٩٪ی ئەو کەسانەی ئەم ماددەیە بەکاردێنن تووشی خەمۆکی زۆر و دەست دەکەن بە پەیوەندی جنسی و خۆکوژی. حەبەکانی ئێکس بە شێك لە مێشك وێران دەکەن کە شوێنەوار لە سەر بریار دان دادەنێ و تووشبوو لە بریاردان عاجز و لاواز دەبێت.

بە گشتی شوێنەواری ئەم ماددەیە بەم شێوەیە: ١- شوێنەواری زۆری لە سەر هەستەکان (دیتن، بۆن، گوێگرتن)، تێکچوونی خەو ٢- گەورەبوونی چەناگە و درانی زمان. ٣- لەبیر چوونەوە تا ٦٠٪ لە تووشبووان ٤- حاڵەتی رشانەوە و سەر ئێشەی بەردەوام ٥- بە دواکەوتن و کەم بوونی دروستکردنی خوێن بۆ مێشك و ئێسقانەکان.

ئەو شتەی گەنجانی هانداوە روو بکەنە بەکارهێنانی ئێکستازی و ماددەهۆشبەرە وەهم هێنەرەکان، شوێنەواری ماددەکانی دیکەیە لە سەر لەش و قەڵافەتیان. ئەم جۆرە گەنجانە بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵکی دیار نەبن، لە تریاك و هیرۆئین و...هتد کە شوێنەواری ئەم جۆرە مەوادە لە سەر لەش و قەڵافەت دیارە و لە نێو خەڵکیدا،

تووشبووان دەناسرێن، کەڵك وەرناگرن، هەر بۆیە لە ئێکستازی کە شوێنەواری کەمتر لە سەر لەش و قەڵافەت دەردەکەوێ کەڵك وەردەگرن.

لاوانی ١٨ تا ٢٠ ساڵ زۆرترین بەکارهێنەرانی حەبەکانی ئێکستازین و وازهێنان لەم ماددەیە زۆر سەخت و دژوارە، بە پێی لێکۆڵینەوەکان، ڕێژەی وازهێنان لە نێو تووشبووان تەنیا ١٪ بەراورد کراوە. ئەم ماددەیە یەکێك لە بەناوبانگترین ماددەی هۆشبەرە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لاوانی ئەم سەردەمە بەکاری دێنن. بە پێی ئامارەکان، ٨ ملیۆن و ٢ سەد هەزار کەس لە جیهاندا لە جۆرەکانی ئەم ماددەیە بەکاردێنن و بەشێکیان سەرەڕای ئاگادار بوون لە مەترسییەکانی درێژە بە بەکارهێنان دەدەن.



ئێکستازی یا دەرمانی هاوشێوەی ئێکستازی، ماددەیەکن کە لە مێوانییەکانی "ریو" بەکاردەبرێ. ئەم مێوانیانە، بەشداربووانی بە درێژایی شەو ڕۆژ بە میوزیکی "ئێلێکترونی" سەما دەکەن. لەم جۆرە مێوانیانە ، مەوادی شادی هێنەر بەکار دێنن. ریو زۆرتر لە شوێنە کراوەکان یا ئەو شوێنانەی کۆنترۆڵ ناکرێن وەك: باغەکان، ئەنبارە کۆنەکان و هێندێ جاریش لە نێو کۆڕی بنەماڵەکانیش بەڕێوەی دەبەن. بە هەزاران لاو لەم جۆرە مێوانیانە، کە زۆرتر لە دوو شەو و ڕۆژ دەخایەنێ بەشداری دەکەن. ئێکستازی ئیشتیای خواردن و تەنانەت خەوتن لە مرۆڤ دەکوژێ، لە ئاکامدا ئەو جۆرە کەسانە بەبێ ئەوەی شتێك بخۆن یا بخەون لەم جۆرە مێوانیانە بەشداری دەکەن. دیارە هێندێك جار کەم ئاوی زۆر و ماندوویەتی بەشداربووان تووشی لەهۆشچوون و لاوازی لەش دەکا.

فرۆشێنەرانی ئەم حەبانە، دەڵێن:" کە ئێکستازی مەترسی نییە، هێدیتان دەکاتەوە و هۆشتان دەباتە سەرێ، یارمەتیتان دەکا تا شادیتان زۆرتر بێت و باشتر ژیان بکەن"، بەڵام ئەم حاڵەتانە لە کاتێکی کورت دایە. ئێکستازی شادییەکی نائاسایی پێکدێنێ و بە دوای تێپەڕکردنی چەند ڕۆژ خراپترین کاتەکانی ژیان لە تووشبووان دەستپێدەکا.

بە پێی سەرچاوەکان لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ۱۹۹۸ تا ۱۹۹۹، هۆیەکانی مردنی سەرچاوەگرتوو لە ئێکستازی ٤٠٠٪ زۆری کردووە. هەروەها لە ساڵی ۱۹۹٦ تا ۱۹۹۹، ئۆرژانسی خەستەخانەکانی سەرتاسەری جیهان، ۹ بەرابەری جاران نەخۆشی تووشبوو بە ئێکستازییان وەرگرتووە. زۆربەی نەخۆشەکان کەمتر لە ۲۵ ساڵ تەمەنیان هەبووە.

یەکێ لە هۆیەکانی زۆر بوونی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە، پروپاگەندەی درۆ لە سەر ئەم ماددەیە کە دەڵێن: "شوێنەواری خراپی ئێکستازی زۆرتر لە کهول و تووتن نییە. "کەسانێك لە مێوانییەکانی ریو بەشداری دەکەن دەکەونە بەر مەترسی بەکارهێنانی ئێکستازی و دەستپێکردنی بەکارهێنانی تەنانەت بۆ یەك جاریش مەترسی مردنی بەدواوە دەبێت.

## حەبی خۆشەویستی (Love Pill):


ئێکستازی حەبی خۆشەویستیشی پێ دەڵێن. ئەم حەبە هەستی مرۆڤ بەنیسبەت ڕەنگەکان و دەنگ بەرادەیەکی زۆر دەباتە سەرێ و شوێنەوارێکی زۆر لە پەیوەندی جێنسی دادەنێ. ئەم ماددەیە حەبێکی وەهم هێنەرە و شوێنەوار لە سەر مێشك دادەنێ. مەوادی وەهم هێنەر، وێنەکان لە مێشك تێکەڵدەکەن و وەبیرهێنەری ژیانی ناخۆش و مەترسیداری ڕابردووی مرۆڤ دەبن. بەکار هێنانی ئەم حەبانە (حەبی خۆشەویستی) پەرێشانی زۆر، گێژی، شێتی کۆرت خایەن، تێکچوونی دەروونی و خەمۆکیی بەدواوە دەبێ.

**وازهێنان:**

هەر چەند شوێنەواری وازهێنان لە ئێکستازی لە لایەن تووشبووانەوە زۆر ترسناکە، بەو حاڵەش رێگا چارەی وازهێنان هەیە.

یەکەمین هەنگاو، زانینی هۆی تووشبوونە، تا بتوانین ئەو هۆکارانەی لە ژیانی رۆژانەدا لابەرین. وەرزش، بەرنامەیەکی خواردنی رۆژانە، رێپێوانی دوور و درێژ لەگەڵ دیتنی سروشت بە هەستێکی پاك و قسەکردن لەگەڵ کەسێکی جێگای متمانە، تا سەبارەت بە گرفتەکانی ژیان یارمەتیمان بکا.

بنەماڵکان، دەبێ زۆرتر لەگەڵ منداڵەکانیان قسەبکەن و کاتێکی زۆرتر بۆ پەیوەندی و قسەکردن لەگەڵ ئەوان تەرخانبکەن و گوێ بۆ قسەکانیان، گرفتەکانیان، ئاواتەکانیان بگرن و هاندەریان بن بۆ سەرکەوتن.



**تووشبووان لە کاتی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان**

## سیگار (جگەرە):

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە لەگەڵ سیگار راهاتووە، لە بەشەکانی رابردوودا، بە کورتی ئاماژەمان بە چۆنیەتی پەیدابوونی تووتن و سیگار کرد و لەم سەردەمەشدا بە هەزاران جۆر سیگار لە سەرتاسەری جیهان دروستدەکرێ و دێتە بازاڕ. هیچ شك و گومانی تێدا نییە کە سیگار یەکێك لە جۆرەکانی ماددەهۆشبەرە و زیانەکانی ئەم ماددەیە لە سەر لەش و تەنانەت ژینگە و ئابووری ئەگەر لە ماددەکانی دیکە زۆرتر نەبێ کەمتریش نییە! ساڵانە بە سەدان ملیارد دۆلار سەرفی دروستکردنی جۆرەکانی سیگار دەبێ و بە سەدان ملیارد دۆلاریش لە رێگای ئاگرکەوتنەوە لە ژینگەو...هتد کە بە هۆی سیگارەوە دروستدەبێ سەرفدەکرێ و بە سەدان کەسیش بە هۆی بەکار هێنانی سیگار لە سەرتاسەری جیهان گیانی خۆیان لە دەستدەدەن یا تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبن.

ساڵی ١٩٨٤ بەرپرسێکی پایە بەرزی وەزارەتی تەندروستی لە بریتانیا رایگەیاند، بەکارهێنانی جۆرەکانی سیگار لەم وڵاتەدا دەبێتە هۆی مردنی لانیکەم ١٠٠ هەزار کەس لەساڵ و تەنیا چەکێکی ئاشتی خوازە کە بە هۆی مرۆڤ دروستدەکرێ و بە پێچەوانە گیانیشی لێ دەستێنێ.

زیانەکانی سیگار تەنیا بۆ تووشبووانی نییە، بەڵکو ئەو کەسانەی لە دەورووبەری کەسی سیگارییەوە دادەنیشن تووشی مەترسی جۆراوجۆر دەبن. بە پێی لێکولێنەوەیەك کە لە بریتانیا کراوە ئەو دووکوڵەی کە لە سیگارەوە دروستدەبێ، دەبێتە هۆی مردنی لانیکەم هەزار کەس لە ساڵدا.(تەنیا لە بریتانیا)

لە ئەمریکا بەرپرسێکی پایە بەرزی پزشکی رایگەیاندووە بەکارهێنانی جۆرەکانی سیگار لە ساڵدا، گیانی ٣٤٠ هەزار کەس دەگری و ئەو هەزینانەی کە سەرفی کاروباری تەندروستی و زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە سیگار دەبێ خۆی لە زیاتر لە ٤٠ ملیار دۆلار دەدا. ٢٥٪ی تەواوی ئاورکەوتنەوەکانی ئەمریکا بە هۆی سیگارەوە دروستدەبن. سەرەڕای تەواوی ئەو زیان و مەترسییانەی کە لە سیگار دروستدەبن بە


سەدان ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهان سیگار دەکێشن و گوێ نادەنە رێنمایە تەندرۆستییەکان خۆیان و کەسانی دەوروبەریش تووشی نەخۆشی جۆراوجۆری سەرچاوە گرتوو لەو دووکەڵە دەکەن.

لە وڵاتی بەرازیل سیگار هۆکاری سەرەکی نەخۆشی و مردنە. زیاتر لە بیست هەزار کەس ساڵانە تووشی نەخۆشی دەبن و بیست هەزار کەسی دیکەش بە هۆی شێرپەنجەوە دەمرن، سیگار هۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشی و مردنانەیە. هەروەها سیگار گرینگترین هۆکاری مردنی کۆرپەکانە پێش لە دایکبوون و دوای لە دایکبوونیش.

قازانجەکانی ماددی سیگار ، بووەتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتەکان لە جێگای پێشگیری لە سیگارکێشان، کار ئاسانی بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری سیگار بکەن و لە بەرامبەردا باجێکی زۆر (ماڵیات) لەوان وەردەگرن. بۆ وێنە وڵاتی بەرازیل لە پێنج مانگی یەکەمی ساڵی **١٩٨٣**دا زیاتر لە **٥٠٠** ملیۆن دۆلاری لەو رێگایەوە بەدەستهێناوە. لە بریتانی ٦٪ی داهاتی ئەم وڵاتە لە رێگای سیگارەوە وەدەستدێت کە لە ساڵدا، دەکاتە ٤٠٠ ملیۆن پاوند. تەنانەت زۆربەی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە پەیوەندییەکی نیزیکیان لەگەڵ بەرهەمهێنانی سیگارەوە هەیە.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە بووەتە هۆی بەکارهێنانی سیگار لە نێو لاوان و گەنجاندا، پروپاگەندەی جۆراوجۆری بازرگانی لە دەزگا راگەینە گشتییەکانە. بەداخەوە ئەکتەرەکانی سینەما، وەرزش، گورانی بێژ و ...هتد بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بۆ ئەم جۆرە کۆپانیانە کار دەکەن. بەشێکی زۆر لە کاتەکانی تەلەفزیۆن، لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکان و هەندێك یاریگا و شوێنە گشتییەکان بووەتە گۆڕەپانی پروپاگەندەی سیگارو لاوێکی تازە پێگەیشتوو بە شانازییەوە ئەو سیگارەی دەکێشێ کە فلانە ئەکتەر، یاریزان و گۆرانیبێژ بەکاری دێنێ. ئەم جۆرە پروپاگەندانە کاریگەری زۆری لە سەر لاوان بۆ سیگاری بوون هەیە.

**نیشانەکانی تووشبوون:**



ئەو کەسەی هەموو کات دەکێشیٚ، ئیشتیای نان خواردنی کەم دەبێتەوە، هەمیشە بۆنی سیگار دەدا و قامکەکانی بە هۆی شوێنەواری "نیکوتین" (ماددەیکە لە نێو سیگاردا هەیە) زەرد دەبیٚ، زۆر جار تووشی کۆخە دەبێت. ئەوانەی شەوانە سیگاری زۆر دەکێشن لەوانەیە خەویان تێکبچیٚ، لەبەر ئەوەی نیکوتین هاندەری نەخەوتنە. ئەو مێرمنداڵانەی سیگار دەکێشن لەوانەیە بۆ شاردنەوەی ئەم کارەیان تووشی درۆکردن بن.

**شوێنەواری درێژخایەن:**

بەکارهێنانی جۆرەکانی سیگار لەوانەیە نەخۆشی شێرپەنجە، تێکچوونی هاتوچۆی خوێن، نەخۆشییەکانی دڵ، تێکچوونی مەعیدە، ربو(ئاسم)، حەساسییەت (برونشیت) و نەخۆشییەکانی سینووسی بەدواوە بێت. سیگار لەوانەیە زەختی خوێن بباتە سەریٚ. لێدانی دڵ خێرا بکاو تووشبوو تووشی زگ چوون ببیٚ. ژەهراوی بوون بە نیکوتین هێندێك جار کێشەکان زۆرتر دەکاو نیشانەکانی سەرەتایی بریتین لە: دڵ ئێشە، رشانەوە، سەر ئێشە، عارەقەکردن، سەرگێژە و بە گشتی لاوازی لەش. ئەو ژنە دوو گیانەی کە سیگار دەکێشیٚ، لەوانەیە کۆرپەی لاواز بە کێشی کەم بە دنیا بێنیٚ و زۆر جار کۆرپەی مردوویان دەبێت.

ئەو منداڵانەی لە دایك و بابی سیگارییەوە لە دایك دەبن بە بەراورد لەگەڵ منداڵەكانی دیكە لەوانەیە لە بەرامبەر سەرمادا، لاواز و ریخۆڵەكانیان تووشی ئیلتیهاب بێت و تەنانەت لە داهاتوودا، سیگاری دەبن.

### شوێنەواری وازهێنان:

شوێنەواری وازهێنان دەگەڕێتەوە بۆ لای تووشبووان لە كاتی بەكارهێنان و مەبەستیان لە كێشانی سیگار، بۆ وێنە ئەو كەسەی بۆ یارمەتی بە هێدی كردنەوەی خۆی سیگاری كێشاوە، بەدوای وازهێنان نیشانەكانی تووڕەبوون لەوان دەردەكەوێ. ئەو كەسانەی لە كاتی تووڕەبوون بۆ ئەوەی قامكەكانیان بێ ئیش نەبن سیگار دەكێشن لە كاتی وازهێنان روو لە خواردنی زۆرتر دەكەن و لە ئاكامدا كێشی لەشیان دەچێتە سەرێ. لە نیشانەكانی گشتی وازهێنان ماندوویەتی و تووڕەبوونە.



**قلیان هەروەك سیگار جێگای مەترسی هەیە**

# مەشرووب (کهول)

جۆرەکانی مەشرووب، شلەمەنییەکی هۆشبەرن کە بەداخەوە لەم سەردەمەدا وەکو خواردنەوەیەکی رۆژانە، لە نێو بەرنامەی خواردنەوەی مرۆڤدا، دەبیندرێ. ئەم شلەمەنییە هۆشبەرانە کاریگەرییان لە سەر لەش و هۆشی مرۆڤ هەروەکو ماددەهۆشبەرەکانی دیکە هەیە و ئامارە پزشکییەکان ئەو راستییەمان زۆرتر بۆ دەردەخا. بەداخەوە لەم رۆژگارەدا، پروپاگەندەی زۆر، بەرهەمهێنانی زۆر و دەست پێراگەیشتنی ئاسان بە مەشرووب کاری کردووە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی تەنانەت ئافرەتان و لاوانی کەم تەمەن رووی تێبکەن و بیخۆنەوە و بەلای خۆیانەوە بۆ ماوەیەك خۆش بن، بەڵام بەردەوام خواردنەوەی مەشرووب هەروەکو هێرۆئین و جۆرەکانی دیکەی ماددەهۆشبەرەکان مەترسی زۆری بەدواوە دەبێ. بۆ وێنە لە فەرەنسا ١٠٪ لە مردنەکان راستەوخۆ لە خواردنەوەی مەشرووب سەرچاوە دەگرێ و لە بریتانیاش ئەم ئامارە دەگاتە ٢٠٪، واتە لە هەر ١٠ کەس ٢ کەس بە هۆی نەخۆشییەکانی سەرچاوە گرتوو لە خواردنەوەی مەشرووب دەمرن. لە وڵاتانێك وەك: ئەمریکا، ئۆسترالیا و ئەرژەنتین لە نێوان یەك سێهەم تا نیوەی ئەو کەسانەی دەرۆنە نەخۆشخانەکانی دەروونی، ئەو کەسانەن کە بەردەوام مەشرووب دەخۆنەوە و پێویستیان بە داخل بوون و دەرمانی دەروونی هەیە.

ئەو مەترسییەی کە هەڕەشە لە بەکارهێنەرانی مەشرووب دەکا، تووشبوون و بەردەوام خواردنەوەی ئەم ماددەهۆشبەرەیە، بەو مانایە کە تووشبوو دەکەوێتە داوی مەشرووب و ناتوانێ وازی لێ بێنێ و جیا لە گرفتی جیسمی تووشی گرفتی ماددی و تەنانەت کومەڵایەتیش دەبێتەوە. بە پێی ئامارێك کە لە لایەن رێکخراوی جیهانی تەندروستیدا، بڵاو بووەتەوە نێزیك بە ١٠٪ی حەشیمەتی جیهان، بەردەوام مەشرووب دەخۆنەوە، واتە تووشبوون وبەشێکی زۆر لە هێزی لەشیان لە دەستدەدەن. ئەو کەسەی بە دوای دەستپێکردنی خواردنەوەی مەشرووب نەتوانێ رادە و راگرتنی خۆی کونترۆڵ بکا مانای ئەوەیە تووشبووە.

مەترسییەکانی سەرچاوەگرتوو لە مەشرووب زۆر رووخێنەر و مەترسی مردنی کەسی مەشرووبی چوار بەرابەری مرۆڤێکی ئاسایی لە هەمان تەمەنە. هەروەها کارەساتەکانی لێخۆڕینی سەیارە و شەڕ و کێشەی بنەماڵەیی و...هتد هەموو لە ئاکامی خواردنەوەی مەشرووب و بەکارهێنانی ئەو ماددەهۆشبەرەیە.

## شوێنەواری مەشرووب لەسەر لەش:

ئەو کەسانەی بە بەردەوامی مەشرووب دەخۆنەوە، تووشی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە، برینی مەعیدە، شلبوونی ماسولکەکان و نەخۆشی دڵ دەبن. ئەو ژنانەی تووشی مەشرووب خواردنەوەی بەردەوام بوون، لە کاتی منداڵ بووندا، منداڵی دواکەوتوو یا لاواز بە کێشی کەمیان دەبێت و مەترسی ئەوەش هەیە کە لە داهاتوودا، تووشی نەخۆشی دڵ ببن.

سەرەڕای شوێنەواری مەشرووب لەسەر لەش، مێشکی مرۆڤ بە دوای خواردنەوە، بەردەوام تووشی گرفت دەبێ و بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خۆی، کە پێی وایە دەتوانێ لە هێزی خۆی زیاتر جموجۆڵ نیشانبدا و قسە بکا، بەڵام بە پێچەوانە لەم کاتانەدا، مێشك ناتوانێ کۆنترۆڵی سلوولەکان بە تەواوی بکاو لە حاڵەتی ئاسایی دێتە دەر و هەموو هەڵسوکەوتەکانیان بە نوقسانی بەڕێوە دەبەن و لە درێژخایەندا تووشی لە بیرچوونەوە دەبن.

## قۆناغەکانی تووشبوون بە مەشرووب:

ئەو کەسانەی تووشی مەشرووب خواردنەوە دەبن، لە مێوانییەکان دەست پێ دەکەن و زۆر بەخێرایی بەو ئاکامە هەڵەیە دەگەن کە مەشرووب لە کاتی گرفتەکان و زەحتەکانی ژیان و گرفتە دەروونییەکان هێوریان دەکاتەوە، هەر بۆیە رۆژ بە رۆژ لە خواردنەوەدا، دەچنە پێش و دوای ماوەیەك لە کونترۆڵ دەر دەچن.

دیاره هۆکاری دیکەش بۆ دەست بە خواردنەوەی مەشرووب هەیە، بۆ وێنە ئەو کەسەی دایك و بابیان مەشرووبین زۆر خێراتر لە خەڵکی تووش دەبن. لە پێشدا ئەو کەسانە بە دزییەوە دەستدەکەن بە خواردنەوە، کات بە لای گرینگ نییە بەیانی یا ئێوارە هەرکات مەجالی هەبوو دەستدەکا بە خواردنەوە. وردە وردە رادەی خواردنەوە زۆرتر دەبێ، لەوانەیە رادەی خواردنەوە هێندە زۆر ببێ کە تووشی نەخۆشی جیسمی ببێ. ژیانی بنەماڵەیی و کەسایەتی پیشەیی تێکدەچێ و لە شوێنی کار و لە نێو بنەماڵەکەیدا، توندوتیژ و جنێوفرۆش دەبێت. لە نێو بنەماڵەی پشتی تێدەکەن و لەوانەیە پیشەی خۆی لە دەست بدا. لەم قۆناغەدا، زۆرتی روو لە خواردنەوە دەکاو ئاکامەکەشی دەبێتە هێرش و شەڕەجنێو لەگەڵ دەوروبەرییەکان و هەروەها لێدانی ژن و منداڵەکانی.

کەسانی تووشبوو بەردەوام بۆنی مەشرووب دەدەن و کەڵك وەرگرتن لە بۆنە جۆراوجۆرەکانیش ئەم گرفتەیان چارەسەر ناکات. لەرزینی دەست لە تووشبووان ئاسایی دەبێ و ناتوانن بە جوانی بنووسن، ئیشتیای خواردنیان کەم دەبێتەوە. هەمووکات بتلێك مەشرووب بۆ کاتی تەنگانە لە نێو ماڵ یا شوێنی ئیش و کار سەیارە یا مەتبەخ دەشارنەوە. بەدزی دەخۆنەوە و بە نیسبەت خواردنەوەکەیان، بەردەوام درۆ دەکەن و هێندێك جار لەبەر زۆر خواردنەوە لە هۆش دەچن. بۆ بەدەستهێنانی مەشرووب لە کاتی پێویست دەستدەکا بە دزی کردن و لەوانەیە هەر جۆرە مەشرووبێك بخواتەوە.

لە قۆناغەکانی دواتر، بەردەوام مەشرووب دەخۆنەوە و گرینگی بە قەڵافەت و دەم و چاوی خۆیان نادەن. لەوانەیە لە رۆژدا، یەك ژەم نان بخۆن، هەست بە ترس دەکەن و لەشی دەستدەکا بە لەرزو لەوانەیە لەبەرامبەر مەشرووب بەربەرەکانی کەمتر بکاو لە قۆناغەدا، دڵی لە جاران زۆرتر دەکەوێتە مەترسییەوەو بۆ سەرخۆش بوون پێویستی بە خواردنەوەی زۆرترە.

## شوێنەواری وازهێنان:

هەشت ساعەت بە دوای وازهێنان لە خواردنەوە، دەستدەکا بە عارەقەکردن و هەست بە نەخۆشی دەکاو لەرزینی دەست و قاچەکانی دەستپێدەکا. دواتر هەست بە گێژبوون دەکەن، لە هۆش دەچن و ئارام و قەراریان نییە. ترسیان زۆر دەبێت و زۆر جار خۆف دەیانگرێ و تووشی خەیاڵی رووخێنەر دەبن. لەبەر ئەوەی ئەم وەزعە لەوانەیە چەند رۆژ بخایێنێ، بۆیە پێویستە تووشبوو لە ژێر چاوەدێریدا بێت و لە نەخۆشخانە تایبەتییەکان داخل بکرێن.

## شوێنەواری کۆمەڵایەتی:

بە پێی ئامارەکان، نیزیك بە نیوەی مردنەکانی سەرچاوەگرتوو لە کارەساتەکانی لێخورینی سەیارە لە جادەکان لە خواردنەوەی مەشرووب سەرچاوە دەگرن. مەشرووب شوێنەواری خراپ لەسەر لێهاتوویی و هێزی سیاسەتوانان، بازرگانان، پیزشکان و هونەرمەندان دادەنێ. نزیك بە یەك لە سێی جیابوونەوەکانی خێزانی(تەلاق) و هێرشی سکسی بۆ سەر ئافرەتان و منداڵان لە خواردنەوەی مەشرووب سەرچاوە دەگرێ. لەسەر یەك لە ساڵدا لە نێوان ٨ تا ١٥ ملیۆن رۆژ کار بە هۆی خواردنەوەی مەشرووب لە دەستدەچێت.

لە ئەمریکا زیاتر ٧٥٪ی کاتی پۆلیس سەرفی پێراگەیشتن بە جینایەتەکانی سەرچاوەگرتوو لە خواردنەوەی مەشرووب دەبێ.

بەکارهێنانی مەشرووب لەم سەردەمەدا، لە چوارچێوەی تاکەکەسی و بنەماڵەدا چووەتە دەرێ و وەکو کێشەیەك کە شوێنەواری لە سەر کۆمەڵگادا زۆر زەق و بەرچاوە سەیر دەکرێ و دەبێ هەمووان بە مەشرووبی و ئەو کەسەی مەشرووب ناخواتەوە غەم خۆری ئەم وەزعە بین و بۆ دەربازبوون لەو کێشەیە پێکەوە هەنگاو هەڵبگرین.

## تووشبوون نەخۆشییە و تووشبوو نەخۆش:

لە بەشەکانی رابردوو، جۆرەکان و شوێنەواری ماددەهۆشبەرەکان لە سەر لەش و هۆشی مرۆڤمان خستە بەرباس، لەم بەشەدا کە دوایین بەشی باسەکەمانە، ئاماژە بەم دیاردەیە (ماددەهۆشبەرەکان) دەکەین کە لە راستیدا دەتوانین بڵێین جۆرە نەخۆشییەکە لە نێو کۆمەڵگادا بڵاوبووەتەوە. هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە مافیاو گرووپەکانی قاچاخی ماددەهۆشبەرەکانن و ئەوانن کە لە سەرتاسەری جیهان بە شێوەی جۆراوجۆر لە نێو کۆمەڵگادا بڵاویدەکەنەوە و مرۆڤی ساوێلکە و نەزانیش بە هەر هۆیەك (کومەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و...هتد) تێکەڵاو بەم ماددەیە دەبێت و بەکاری دێنێ. بەداخەوە لە نێو کۆمەڵگادا، وەك تاوانبارێك سەیری تووشبووان دەکرێت و هەر بەو هۆیەوە لە زۆربەی مافە کۆمەڵایەتییەکاندا بێبەش دەکرێن. ئەوە لە کاتێکدایە کە تووشبوون نەخۆشییەو کەسی تووشبووش نەخۆشە و مرۆڤی نەخۆشیش پێویستی بە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی هەیە و دەبێ هەروەکو هەموو نەخۆشییەکانی دیکە ئیمکانات و رێگا چارە بۆ دەرمان و چاك بوونەوەیان دابینبکرێت.

بە پێی یاسای وڵاتان، ئەوەندەی تووشبوو دەکەوێتە بەر هێرشی یاسا و سزادانەوە، هۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشییە کە مافیاو قاچاخچییەکانن سزانادرێن. مافیای ماددەهۆشبەرەکان و ئەو کەس و لایەنانەی پەرە بە ماددەهۆشبەرەکان دەدەن هۆکاری سەرەکی و تاوانباری راستەقینەن و بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە دەبێ رووی هێرشەکەمان بەرەو لای ئەوانەوە بێ نە تووشبووی نەخۆش کە هەموو شتێکی خۆی بەو تووشبوونە وەك: بنەماڵە، هەستەکان، کەسایەتی، باری تەندروستی و تەنانەت باری ئابووری خۆی لەدەستداوە. کەوابوو ئەم نەخۆشانە بە تووشبوون بە ماددەهۆشبەرەکان بۆ خۆیان سزا دراون و پێویست ناکات دیسان بیانخەینە ریزی تاوانباران و سزایان بدەین، بەڵکو دەبێ یارمەتییان بدەین و بەرەو نێو کۆمەڵگا رایان کێشینەوە.



کاتێك نەخۆشییەك، بڵاودەبێتەوە پسپۆڕان و شارەزایان بەدوای ویروسەکە و هۆکاری ئەو نەخۆشییە دەگەڕێن تا بە دۆزینەوەی هۆکارەکان و ویرۆسەکە بتوانن دەرمانێك بۆ نەخۆشەکان درۆستبکەن و لەو نەخۆشییە رزگاریان کەن. بەنیسبەت تووشبوون بە ماددەهۆشبەرەکان، ئەو کەسەی تێکەڵاو بەم ماددەیە دەبێ لەوانەیە هۆکاری زۆری هەبووبێ، پێویستە پێش هەموو شتێك بەدوای هۆکارەکان بگەرین تا بە دۆزینەوەی هۆکارەکان هەم پێشگیری لە تووشبوون بکەین، هەم تووشبوو چارەسەر بکەین.

بە پێی ئەو لێکولێنەوانەی لە سەرتاسەری جیهان بە نیسبەت ماددەهۆشبەرەکان کراوە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بێکاری، گرانی، نەبوونی بەرێوەبەرییەکی دروستی بنەماڵەیی، هەروەها نەبوونی بەرنامەیەکی رێکوپێك بۆ پێشگیری لە هاتنە ژوورەوەی ماددەهۆشبەرەکان، هۆکاری سەرەکی تووشبوون بەم بەڵا ماڵوێرانکەرەیە. چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بێکاری، گرانی و پێشگیری لە هاتنە ژووری ماددەهۆشبەرەکان و دانانی یاسایەك لە بەرامبەر قاچاخی ئەم ماددەیە دەتوانێ رێژەی تووشبوون لە وڵاتدا کەم بکاتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ ئاگامان لە تووشبووان بێت بە پەیوەندییەکی دروست و هاوکاری، هەروەها وەك نەخۆش سەیر کردنیان جارێکی دیکە هەلی گەڕانەوە بۆ ژیانیان پێ بدەین.



بۆ نووسینی ئەم بابەتانە سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

١- اعتیاد چیست، معتاد کیست؟ (د.وێرنان کێلمەن)

٢- ماددەهۆشبەرەکان و بڵاوبوونەوەی لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا (مەهدی بەدری)

٣- ماڵپەری "مبارزه با مواد مخدر"

٤- ماڵپەری "افتاب"

٥- ماڵپەری" شەریف نیوز"

٦- ماڵپەری" ایران پیك"

٧- ماڵپەری" فارس نیوز"

٨- ماڵپەری "جام جم"

تێبینی: پێویستە بگوترێ ئەم بەرهەمە لە پازدە بەش، لە رۆژنامەی کوردستان راپۆرتدا بڵاوکراوەتەوە.

## مەوادی موخەدیر
## چەکێکی بێدەنگ بۆ سەرکوتی خەڵکی ئێران

مەوادی موخەدیر یەکێك لە کێشەکانی ئەم سەردەمەیە و بە پێی سەرچاوەکان زیاتر لە ١٧٠ وڵاتی جیهان لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەوروون و لەسەر یەکیش ٢٠٠ ملیۆن موعتادیش (تووشبوو) لە جیهاندا هەیە و ئەم ڕێژەیە تا دێ زۆرتر دەبێ[١]. گرفت و کێشەی مەوادی موخەدیر تێکەڵ بە مەسایلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەنانەت سیاسی بووە و شوێنەواری زۆر بەرچاوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە پەرەسەندن دایە.

بە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، مەوادی موخەدیر بە شێوەیەکی زۆر پان و بەرین لە ئێراندا بڵاوبووەتەوە بووەتە یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی ژیانی خەڵکی و ڕژێمیش بۆ کۆنترۆڵ و ڕاگرتنی ئەم بەڵایە هیچ چەشنە بەرنامەیەکی نییە و تەنانەت لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئەم مەوادە لە نێو کۆمەڵگادا، دەستی هەیە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەکو سیاسەتێکی دیاریکراو لە مەوادی موخەدیر لە بەرامبەر خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کەڵکی وەرگرتووە و لەو بوارەدا بەداخەوە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران بە تایبەت خەڵکی کوردستانی گیرۆدەی ئەم بەڵاماڵوێرانکەرە کردووە. بە پێی دوایین ئامارێك کە ڕژێم بڵاویکردووەتەوە لە هەر دەقیقەیەکدا ٣ کەس لە ئێران موعتاد دەبن[٢]. هەر بە پێی ئەو ئامارە ڕادەی تووشبووان (موعتادان) لە ئێراندا گەیشتوەتە پێنج ملیۆن کەس[٣]. ساڵی ١٣٨٤ لە ئێراندا پێنج هەزار کەس بە هۆی بەکارهێنانی مەوادی موخەدیر گیانیان لە دەستداوە کە ڕۆژانە دەگاتە ١٤ کەس[٤]. ئەم ڕێژەیە تا دێ زۆرتر دەبێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو ئامارانەی ڕژێم بە نیسبەت ڕاستییەکان زۆر کەمترە و بە پێی ئامارە نارەسمییەکان زیاتر لە ١٠٪ی خەڵکی ئێران موعتاد بە جۆرەکانی مەوادی موخەدیرە. بە پێی یاساکانی تایبەت بە

مەوادی موخەدیر، چاندنی خەشخاش، کوکا یا شادانە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مەوادی موخەدیر بۆ جاری چوارەم حوکمی ئیعدامی هەیە (ماددەی ٢ی یاسای خەبات دژی مەوادی موخەدیر)[٥]، بەڵام بە پێی سەرچاوەکانی رژێم زیاتر لە سەدان شوێن و ناوچە لە ئێراندا، خەشخاش و شادانە لە ژێر سەرپەرەستی و چاودێری رژێمدا بەرهەمدێ.

بە پێی یاسای تایبەت بە مەوادی موخەدیر لە ئێراندا، واردکردن (هێنان)، بەرێ کردن، دروستکردن، بڵاوکردنەوە یان فرۆشی بەنگ، چەرس، گراس، تریاك، شیرە، سوختە یا تفالەی تریاك زیاتر لە پێنج کیلۆگرام حوکمی ئیعدامی هەیە (ماددەی ٤ی خەبات دژی مەوادی موخەدیر). کڕین، راگرتن یا شاردنەوە یا هەڵگرتنی زیاتر لە ١٠٠ کیلۆگرام تریاك، حوکمی ئیعدامی هەیە (ماددەی ٥ی هەمان سەرچاوە). هێنان، دروستکردن، کڕین و فرۆشتن، راگرتن و شاردنەوەی زیاتر لە ٣٠ گرام هیرۆئین، مۆرفین، کوکائین حوکمی ئیعدامی هەیە (ماددەی ٨ی هەمان سەرچاوە). هێنان، بردن، دروستکردن، بڵاوکردنەوە، بەرێ کردن، کرین و فرۆشتن، راگرتن، شاردنەوە و هەڵگرتنی هیرۆئین، مۆرفین، و کوکائین بۆ جاری چوارەم لەسەر یەك بگاتە ٣٠ گرام حوکمی ئیعدامی هەیە (ماددەی ٩ی هەمان سەرچاوە). قاچاخی مەوادی موخەدیر بە شێوەی چەکدارانە حوکمی ئیعدامی هەیە (ماددەی ١١ی هەمان سەرچاوە)[٦]. بەداخەوە ئەم یاسایە تەنیا لە چوارچێوەی یاسادا ماوەتەوە و بەڕێوە ناچن. بەشێکی زۆر لە عامیلانی بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەدیر سەر بە دەزگا جۆراوجۆرەکانی رژێمن و زۆر بە ئاسانی ئەم مەوادە دێنن و زۆر بە ئاسانیش لە بەرچاوی خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە و هیچ چەشنە گرفتێکیان لەو پەیوەندییەدا بۆ دروست ناکەن. لەم وتارەدا تێدەکۆشین زۆر بە کورتی ئاماژە بە رادەی بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەدیر لە ئێران و کوردستاندا، هەروەها سیاسەتەکانی رژێم لەو بوارەدا، بخەینە بەرباس و شیکردنەوە.

**ڕادەی بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەدیر لە ئێراندا:**

هەروەك ئاماژەی پێکرا، لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٩ی زایینی) و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، مەوادی موخەدیر لە ئێراندا ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی سەندووە و کۆمەڵگای ئێرانی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گیرۆدەی خۆی کردووە. مەوادی موخەدیر لە ئێرانی ئەمڕۆدا، زۆر بە ئاسانی و بە نرخێکی هەرزان لە هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتە دەستدەکەوێ. پارکەکان، شەقامەکان، مەیدانەکان، زانکۆکان، سەیرانگا، ئامووزشگاکان، قوتابخانەکان و دێهاتەکان و تەنانەت ئەو شوێنانەی کە لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا پەیوەندی نییە، وەکو بەندیخانەکان دەستدەکەوێ و تووشبووانیش بەبێ هیچ چەشنە کۆسپێك دەستیاندەکەوێ و بەکاریدێنن. لە بەندیخانەکاندا، بەرێوەبەرانی بەندیخانە مەوادی موخەدیر لە نێو بەندییەکان بە نرخێکی گرانتر دەفرۆشن و بۆ بەکار هێنانیش پێشگیریان لێ ناکەن.

بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران بە تایبەتی لاوان، بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی خۆیان ڕوویان کردووەتە قاچاخ و سەودای مەوادی موخەدیر و بۆ خۆشیان بەشێکی زۆریان گیرۆدەی ئەم ماددەیە بوون. لە نێو کچان و ژنانیشدا، ماوەیەکە بەکارهێنانی مەوادی موخەدیر بووەتە باو و ڕێژەیەکی زۆر لە کچان و ژنان موعتاد بوون (تووشبوون) و بەشێکیان لە ڕێگەی مەعامەلەی ئەم مەوادە خۆیان بەڕێوە دەبەن. بەداخەوە مەوادی موخەدیر ڕووی کردووەتە نێو چینی ڕووناکبیری کۆمەڵگا و بەشێکی زۆر لە خوێندکارانی زانکۆ بەتایبەتی شارییەکان بەکاری دێنن و پێی موعتادبوون. بە پێی هێندێك سەرچاوە کچانی خویندکاری زانکۆ لە داخلییەکان (خوابگا) زۆربەیان مەواد بەکاردێنن و لەبەر ئەوەی پارەی پێویستیان بۆ کڕینی مەوادی موخەدیر نییە تووشی لەشفرۆشی و فەسادبوون. لە قوتابخانەکان مەوادی موخەدیر زۆر بە ئاسانی دەفرۆشرێ و لە لایەن قوتابییانەوە زۆر بە ئاسانیش بەکاردێت و کەس لێیان ناپرسێتەوە. ئەم دیاردەیە تا دێ لە نێوان لاوان و تازەپێگەیشتووان خوازیاری زۆرتر دەبێت و بەشێکی زۆرتر لە لاوان گیرۆدەی خۆی دەکا و سەیر ئەوەیە کە لە ڕووی ڕوخسارو قەڵافەتەوە زۆر بە ئاسانی تووشبووان و خەڵکی ئاسایی لە یەك جیا دەکرێنەوە.

## ڕادەی بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەدیر لە کوردستاندا:

لە کوردستاندا هەروەك شارەکانی دیکەی ئێران، بە ڕێژەیەکی زۆر مەوادی موخەدیر بڵاوبووەتەوە و لە هێنێك بواردا ئەم بڵاوبوونەوەیە لە چاو شارەکانی دیکەی ئێران زۆرترە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە کوردستاندا مەوادی موخەدیر بڵاو دەکەنەوە بە شێوەیەك پەیوەندی بە ڕژێمەوە هەیە و لە لایەن یەکێك لە ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمەوە پشتیوانی دەکرێ تا هەر کات گرفتێکی بۆ هاتە پێش بە زووترین کات بۆی چارەسەر بکەن. بە شاهیدی خەڵکی کوردستان، ئەوانەی مەوادی موخەدیر لە کوردستان بڵاو دەکەنەوە، هەموویان لە نێو خەڵکی کوردستان ناسراون و بەبێ هیچ کۆسپ و ترسێك لە ڕێیاندا ئەو کارە دەکەن و کەس پێشگیرییان لێ ناکات. تەنانەت ئەو ئۆرگان و ڕێکخراوانەی بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەدیر پێکهاتوون لە کوردستاندا کاریان پەرەپێدانی مەوادی موخەدیر لە نێو لاوان و ئاڵوودە کردنیان بەو بەڵا ماڵوێرانکەرەیە. ناوەندی خەبات دژی ماددەهۆشبەرەکان (ستاد مبارزه با مواد مخدر)، ڕێکخراوێکە کە بۆ کۆنترۆڵی مەوادی موخەدیر پێکهاتووە و ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی سەرۆك کۆماردا کار دەکا و بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومەتی وەك: وەزیری ئیتلاعات، فەرماندەی هێزە ئینتزامییەکان، وەزیری کشوەر، دادستانی گشتی وڵات، سەرۆکی سازمانی رادیۆ و تەلەفزیۆن، فەرماندەی هێزەکانی بەسیج و ...هتد، ئەندامی بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوەن و بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی، لە کوردستاندا کاری پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەدیرە و ئەو کەسانەی لە کوردستاندا مەوادی موخەدیر بڵاو دەکەنەوە بە شێوەیەك پەیوەندییان بەم ڕێکخراوەوە هەیە.

لە کوردستان، مەوادی موخەدیر لە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێراندا هەرزانترە و تەنانەت زۆر جار قاچاخچییانی ئەم مەوادە لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بۆ کڕینی مەوادی موخەدیر ڕوو لە کوردستان دەکەن و ئەم مەوادە بە نرخێکی هەرزانتر لە شارەکەی خۆیان دەکڕن و بۆ بازرگانی کردن بەو مەوادە ڕوو لە شارەکانی

خۆیان دەکەنەوە. ئەوە لە کاتێك دایە کە مەوادی موخەدیر لە سنوورەکانی ئەفغانستان و پاکستان، تا دەگاتە کوردستان تەواوی ئەو شارانە تێپەر دەکاو دەبێ بە بەراورد لەگەل ئەو شارانە ئەم مەوادە گرانتر بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینین مەوادی موخەدیر زۆر هەرزانتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەستدەکەوێ و مەبەستی کاربەدەستانی رژێم لە هێنان و هەرزان کردنی مەوادی موخەدیر لە کوردستاندا، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان زۆر بە ئاسانی دەستیان بکەوێ و ئالوودەی بن و لەگەڵی رابێن (تووش بن). بۆ وێنە لە هەر ١٠٠ کیلۆ تریاك ١ کیلۆ هیرۆئین دروستدەکرێ (٧)، کە چی لە کوردستاندا هیرۆئین لە تریاك هەرزانترە. هیرۆئین هەم بەهێزترە و هەم لاوان خێراتر بەرەو داوی ئیعتیاد و تووشبوون دەبات، بۆیە لە کوردستاندا لە چاو ماددەکانی دیکە هەرزانترە.

### هۆیەکانی بڵاوبوونەوە و تووشبوون بە مەوادی موخەدیر:

تووشبوون بە مەوادی موخەدیر بە گشتی هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو لە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوە دەگرن. ئەم گرفتانە وەك: بێکاری، نەبوونی دەرەتانی خوێندن، گرانی، نەبوونی مودیرییەتی دروستی بنەماڵەیی، نەبوونی ئیمکاناتی وەرزشی و تەفەننونی و...هتد. هۆکارەکانی پێکهاتنی ئەم گرفتانە لە نێو کۆمەڵگادا، هەموویان دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی وڵات. رژێم بۆ ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی وڵات و تەنانەت ئابووری هیچ چەشنە بەرنامەیەکی رێکوپێکی نییە و تەواوی داهاتی وڵاتی لە رێگای پەرەپێدانی توندوتیژی (تیرۆریزم) لە سەرتاسەری جیهان سەرفدەکا. پشتیوانی ماددی لە ئەحزابی توندرەوی وەك: حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس، سوپای مەهدی لە عێراق و...هتد وێنەیەکی زۆر بچووکی سیاسەتی کۆماری ئیسلامین و ئاکامەکانی بووەتە هۆی پێکهاتنی بێکاری، گرانی و گەندەڵی لە نێو وڵاتدا و ئەم مەسەلەیە بووەتە هۆی

بەرەو لاریّ بردنی خەڵکی ئیّران بەتایبەتی لاوان بەشیّکی زۆریان بۆ بەدەستهیّنانی بژیّوی ژیانیان روویان کردووەتە ئیش و کاری قاچاخ و سەودا کردنی مەوادی موخەدیر یەکیّك لەو ئیش و کارانەیە و ریّژەیەکی زۆر لە لاوان و خەڵکی وڵات بە ژن و پیاو تیّکەڵی کاری بازرگانی کردن بە مەوادی موخەدیر بوون. دیارە رژیّم ریّگا خۆشکەری ئەم بازرگانییە و تەواوی کۆسپەکانی سەر ریّگای قاچاخی بە تایبەت لە کوردستاندا لابردووە و زۆر بە کەمی یاساکانی تایبەت بە مەوادی موخەدیر لە کوردستاندا جیّ بە جیّ دەکا.

هۆکارە سیاسییەکانی ئالوودەبوونی خەڵکی ئیّران و کوردستان بە مەوادی موخەدیر دەگەرِیّتەوە سەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو رژیّمە دەیهەویّ بە پەرەپیّدانی مەوادی موخەدیر و ئالوودەکردنی خەڵکی ئیّران بەو بەڵا ماڵویّرانکەرە، ریّگا بۆ بەرەوپیّش بردنی سیاسەتەکانی خۆی خۆشدەکا. ئەم سیاسەتەی رژیّم دوو ئاکامی بە دواوە دەبیّ. یەکەم، هەروەك دەزانن ئەو کەسانەی ئالوودەی مەوادی موخەدیر دەبن مرۆڤیّکی ترسنۆك، بیّ غیرەت، بیّ عاتیفە، لاواز، بیّ هەست بە نیسبەت هەموو شتیّکەوە بار دیّت. کەوابوو مرۆڤیّك بەو تیّبینییانەوە وەکو ئینسانیّکی مردووە، کە تەنیا هەناسە دەکیّشیّ و هیچ هەستیّکی دیکەی نییە و رژیّمیش لە کاتی پیّویستدا بە قازانج و بەرژەوەندی خۆی کەڵکیان لیّ وەردەگریّ. کەوابوو ئەو هیّزەی کە دەبیّ بەرپەرچی سیاسەتە چەوتەکانی رژیّم بداتەوە و دژی راوستیّ گیرۆدەی مەوادی موخەدیر بووە و هیچ چەشنە هەست و هۆشیّکی نییە و ریّگا ئاوەڵەیە بۆ بەرەوپیّشچوونی سیاسەتەکانی رژیّم.

لە لایەکی دیکەوە رژیّم بە پەرەپیّدان و بازرگانی بە مەوادی موخەدیر پشتیوانیّکی بەهیّزی ماددی بۆ کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆی دروستکردووە. هەروەك دەزانن بازرگانی و سەوداکردن بە مەوادی موخەدیر قازانجیّکی زۆری ماددی هەیە و کۆماری ئیسلامیش نایهەویّ لەو داهاتە بیّبەش بکریّ. هەر بۆیە دەبینین لە بەریّکردنی مەوادی موخەدیر بۆ جیهانی دەرەوە بەتایبەت ئەورووپا و رۆژئاوا

دەستێکی باڵای هەیە و داهاتێکی باشی دەستدەکەوێ. بە گشتی بازەرگانی کردن بە مەوادی موخەدیر لەم سەردەمەدا داهاتێکی باشی بۆ ئیسلامی توندرەوی سیاسی هەیە و زۆربەی ڕێکخراوە توندرەوە ئیسلامییەکان لەو بوارەدا نەقشیان هەیە. بۆ وێنە ساڵی ١٩٩٨، ڕێکخراوی تالیبان لە ڕێگای مەوادی موخەدیرەوە ٤٠ ملیار دۆلار داهاتی بووە(٨).

لە عێراقیشدا سوپای مەهدی بە ڕێبەری موقتەدا سەدر کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، بەکارهێنان و بازرگانی بە مەوادی موخەدیری حەڵاڵکردووە تا هەم پشتیوانێکی ماددی بۆ خۆی دروستبکا و هەم ئەندامانی لە کاتی بەڕێوەبردنی کردەوە تیرۆریستییەکانیان بیر لە چارەنووسی ئەو کارە نەکەنەوە.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ مەوادی موخەدیر بە جۆرێکە، بەشێکی زۆری لە لاوانی وڵاتی لە ڕێگای مەوادی موخەدیرەوە لە کار خستووە و ساڵانە بە هەزاران کەسیش لەو پەیوەندییەدا گیانیان لەدەستدەدەن بەبێ ئەوەی کەس هەست بەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بکا. ساڵی ١٩٨٩ حکوومەتی بەعسی عێراق لە بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە ٥ هەزار کەس لە خەڵکی ئەو شارەی شەهید کردو لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوام ئەو کردەوەیە لە لایەن کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان لە سەرتاسەری جیهان مەحکووم دەکرێ و هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا یادی قوربانیانی ئەو کارەساتە دەکرێتەوە. تەنانەت بنەماڵەی ئەو قوربانیانە شانازی بە کەس و کاری شەهیدی خۆی دەکەن، بەڵام لە وڵاتی ئێمە بە پێی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ساڵانە بە هەزاران کەس دەبنە قوربانی سیاسەتەکانی ڕژێم و بە هۆی بەکارهێنانی مەوادی موخەدیر گیانیان لەدەستدەدەن. ساڵی ١٣٨٤ (٢٠٠٥) بە پێی ئاماری ڕژێم، ٥ هەزار کەس بەهۆی بەکارهێنانی مەوادی موخەدیر گیانیان لەدەستداوە. ئەمە سیاسەتێکی دژی گەلی کۆماری ئیسلامییە و لە دەرەوەی وڵاتیش هەستی پێ ناکرێ و تەنانەت مەحکوومیش ناکرێ. لە نێوخۆی وڵاتیش کەس و کاری ئەو

قوربانیانه هەست بە سەرشۆڕی دەکەن و باسی کەس و کاری لەناوچووی خۆیان ناکەن. ئەوە لە کاتێك دایە کە ئەو کەسانەی لە ڕێگای مەوادی موخەدیرەوە گیانیان لەدەستدەدەن قوربانی سیاسەتەکانی ڕژێمن هەروەك ئەو کەسانەی بوونەتە قوربانی بۆمبارانی کیمیایی حکوومەتی بەعسی عێراق. لە عێراق حکوومەت بۆ سەرکوت کردن و لە بەین بردنی خەڵکی کوردستان سیاسەتی ئەنفالی گرتە پێش، لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا ١٨٢ هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە. لە ئێرانیشدا حکوومەت بۆ سەرکوتکردن و لە بەین بردنی خەڵکی، سیاسەتێکی کەم خەرج و بێدەنگی وەك پەرەپێدان بە مەوادی موخەدیری گرتووەتە پێش. بەداخەوە قوربانیانی ئەم سیاسەتە لە قوربانیانی ئەنفال زۆرترە!

### ڕێگاکانی بڵاوبوونەوەی مەوادی موخەدیر لە ئێراندا:

مەوادی موخەدیر لە ئێراندا لە چەند ڕێگاوە بڵاو دەبێتەوە، لێرەدا ئاماژە بەو ڕێگایانە دەکەین:

ڕێگای یەکەم: هەروەك دەزانن وڵاتی ئێران لە سەر ڕێگای بەرێکردنی مەوادی موخەدیر بۆ ئەورووپا هەڵکەوتووە. ٨٥٪ی مەوادی موخەدیری جیهان لە ئەفغانستان بەرهەم دێت (٩) و ئێران لەگەڵ ئەفغانستان زیاتر لە ٩٠٠ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی هەیە. ئەم مەسەلەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێك لە خەڵکی ئێران بە هۆی نەبوونی ئیش و کار تێکەڵ بە بازرگانی کردن بە مەوادی موخەدیر بن و ئەو مەوادە لە ئێراندا بڵاو بکەنەوە. حکوومەتی ئێرانیش بە پێی سیاسەتی خۆی لەگەڵ مافیا و قاچاخچییەکانی مەوادی موخەدیر دەستی هەیەو ئاسانکاریان بۆ دەکات تا ئەم مەوادە لە ئێراندا بەرێ بکرێ.

ڕێگای دووهەم: بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومەتی و دەوڵەتی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لەو بەرپرسایەتییەی کە هەیانە و بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان ڕێگای هاتنە ژووری مەوادی موخەدیر خۆش دەکەن و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ

قاچاخچییانی مەوادەوە هەیە و لەو ڕێگایەوە پوولێکی زۆریان دەستدەکەوێ. بەشێکی زۆر لە مەوادی موخەدیر لەم ڕێگایەوە لە ئێراندا بڵاو دەبێتەوە.

ڕێگای سێهەم: ڕێگای سێهەمی بڵابوونەوەی مەوادی موخەدیر لە ئێراندا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە و ئەم ڕژێمە لە ڕێگای ڕێکخراو و ئۆرگانی تایبەتییەوە ئەم مەوادە لە نێو کۆمەڵگادا بڵاو دەکاتەوە و پەرە بە بەکارهێنانی دەدا. زیاتر لە ٢ لە ٣ی ئەو مەوادەی لە ئێراندا بڵاودەبێتەوە لەم ڕێگایەوە و بە ئاگاداری ڕژێم و بەپێی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاودەبێتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- مەوادی موخەدیر و بڵاوبوونەوەی لە ئێراندا (مەهدی بەدری)

٢- ماڵپەری"ستاد مبارزه با مواد مخدر"

٣- هەمان سەرچاوە

٤- هەمان سەرچاوە

٥- مجازات مرگ(شادی صدر)

٦- مجازات مرگ(شادی صدر)

٧- مەوادی موخەدیر و بڵاوبوونەوەی لە ئێراندا

٨- هەمان سەرچاوە

٩- ماڵپەری"ستاد مبارزه با مواد مخدر"


ئەم وتارە لە ژمارە ١٨ی گۆڤاری تیشك، بڵاوبووەتەوە.

# پەرەسەندنی مەوادی موخەدیر و تیرۆریزم

بە داخەوە مەوادی موخەدیر (بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە پەرەسەندندایە و ئامارەکان ئەو راستییەمان بۆ دەردەخەن. لە ژمارە ١٨ی تیشك لە وتارێکدا ئاماژەم بە ٢٠٠ ملیۆن تووشبووی مەوادی موخەدیر لە جیهان کردبوو، ئێستا بە پێی سەرچاوە نوێیەکان ئەو ژمارە گەیشتووە تە ٢٥٠ ملیۆن کەس.[(١)] ئەگەر حەشیمەتی جیهان ٦ ملیارد کەس بەراورد بکەین نیزیك بە ٧٪ی خەڵکی جیهان تووشی (ئیعتیاد) مەوادی موخەدیر بووە، هەروەها ٥٠ ملیۆن نەخۆشی ئایدزی و تووشبوو بە "HIV" لە جیهاندا هەیە.[(٢)] بە پێی سەرچاوەکان ٦٢٪ی نەخۆشییەکان ئایدزی لە تووشبووانی تەزریقی مەوادی موخەدیر پێکدێن.[(٣)]

بەرهەمهێنانی مەوادی موخەدیر رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە، ساڵی ٢٠٠٦ بە پێی ئاماری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ٦١٠٠ تۆن تریاك لە ئەفغانستان بەرهەم هاتووە و بۆ ساڵی ٢٠٠٧ گەیشتووەتە ٨٢٠٠ تەن.[(٤)] کە ئەمە ٩٢٪ی تریاکی جیهان پێکدێنێ.[(٥)] یەك کیلۆ تریاك لە جوتیارێکی ئەفغانی بە ١٢٢ دۆلار دەیکڕن. بەڵام ئەم نرخە لە ئێراندا دەگاتە ٨٠٧ دۆلار و بە دوای تێپەڕکردنی خاکی ئێران، لە تورکیە دەگاتە ٣٢٠٠ دۆلار لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا ٨٢٠٠ دۆلارە و لە باکووری ئەوروپاش نرخی ١٢هەزار دۆلارە.[(٦)] ئەم جیاوازییە بە بەراورد لەگەڵ ئەفغانستان ١٠٠ بەرابەری. تەنیا مافیای مەواد لە ئەفغانستان لەساڵدا ٤ ملیارد دۆلار قازانجی بردووە.[(٧)] ئەگەر بەراوردی نرخی ١٠٠ بەرابەری ئەم ماددەیە لە ئەوروپا بکەین مانای ئەوەیە لەوێ مافیا ٤٠٠ ملیارد دۆلار قازانجی لە بازرگانی مەوادی موخەدیر بردووە.

لە ئێراندا بە هەمان شێوە مەوادی موخەدیر لە پەرەسەندندایە. بۆ یەکەم جار بەرپرسێکی فەرمی ئێران "عەلی هاشمی دەبیری ستاد مبارزە با مواد مخدر" رایگەیاند لە ئێراندا ٤ ملیۆن و سێسەد هەزار کەس تووشبووی مەوادی موخەدیر هەیە. ئەمە لە کاتێکدایە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا بەرپرسانی حکوومەتی بەردەوام ئاماژەیان بە کەمتر لە ٢ ملیۆن تووشبوو لە ئێران دەکرد. بەڵام "هاشمی" وتی ئێمە لە رابردوودا راستمان بە خەڵکی ئێران نەوتووە.[(٨)] بەو پێیە ئەگەر حەشیمەتی ئێران ٧٠ ملیۆن کەس بێ ٦٪ ی خەڵکی ئێران گیرودەی مەوادی موخەدیر بووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئامارەکانی دیکە (نارەسمی) باس لە تووشبووی زیاتر لە ١١٪ی خەڵکی ئێران بە مەوادی موخەدیر دەکەن.

به هۆی زیاد بوونی بەرهەمی خەشخاش لە ئەفغانستان نرخی تریاك و هیروئین لە ئەفغانستان تا ٥٠٪ دابەزیوە و ئەم دابەزینە لە ئێران ٣٠٪ بووە.(٩) دابەزینی نرخی مەواد کاریگەری کردووەتە سەر کۆمەڵگا و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ زۆر بە ئاسانی دەتوانن مەوادی موخەدیر بە تایبەتی هیروئین بەدەستبێنن. ئێستا لە بازاڕەکانی تاران ١ گرام هێرۆئین بە ٣/٥ دۆلار دەستدەکەوێ! تووشبوون بە مەوادی موخەدیر لە نێو کچان و ژناندا هەروەك کوڕان و پیاوان روو لە پەرەسەندن دایە بە پێی ئاماری فەرمی حکوومەت یەك ملیۆن و چوارسەد هەزار ژنی تووشبوو بە جۆرەکانی مەوادی موخەدیر لە ئێراندا هەیە.(١٠) بە پێی سەرچاوەکان نیزیك بە نیوەی تووشبووانی ژن بۆ یەکەم جار لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە دێنە نێو دنیای تووشبوون لە بەر ئەوەی بنەماڵەکانیان (مێرد، باب‌و ...هتد) بۆ بەکارهێنانی مەواد کوسپیان لەسەر رێ نەبێ ئەوانیش تێکەڵی مەواد دەکەن.

لە ٨٢٠٠ تەن بەرهەمی مەوادی موخەیری ئەفغانستان، ٢٥٠٠ تەنی دێتە ئێران و ٧٠٠ تەنی مەسرەفی نێوخۆیی دەبێ ئەوی دیکەی لە رێگای مافیای مەوادەوە بۆ ئەورووپا و وڵاتانی عەرەبی بەڕێدەکرێ.(١١) هەروەها بە پێی هێندێك سەرچاوەی دیکە ٦تا ٧ هێکتار زەوی لە ئێراندا، خەشخاشی لێ بەرهەم دێنن.(١٢) بەپێی سەرچاوەکان ئێران یەکەمین وڵاتی مەسرەف کەری تریاك لە جیهانە. رۆژانە ٢ تەن مەوادی موخەدیر لە ئێراندا مەسرف دەکرێ تریاك بە ٣٢/٨٪ مەسرەف لە سەرەوەی ماددەکانی دیکەیە بە دوای تریاك، کراکی ئێرانی بە ٢٧٪، هێرۆئین بە ١٨/٨٪و شیرەی تریاك، سوختەی تریاك، نورجیزەك، شیشە، حەشیش، ئێکسازی، ئەلکول و دەرمانەکان موخەدیری دیکە لە ریزەکانی خوارەوەی مەسرەفی مەواد لە ئیرانن.(١٣) لەسەر یەك ٦٥٪ ی تووشبووانی ئێران بە شێوەی کێشان و ١٨٪ ی لە رێگای تەزریق مەواد بەکار دێنن. ٣٨٪ی هێرۆئینییەکان بە شێوەی تەزریق و ٢٠٪ی تووشبوانی کراك تەزریقین و ٢٠٪ی تووشبووانی شیشە یا کریستاڵ ئەم ماددە کیمیاییە تەزریق دەکەن.(١٤)

٤٧/٣٪ ی تووشبووان خێزاندارن، ٢٠٪یان بۆ خۆیان ماڵیان هەیە. ٢٧٪ کرێچین و ٤٢٪ لە ماڵی باوکیان دەژین.(١٥) ٣٠٪ی تووشبوان بێ پیشەن. لەو تووشبووە بێ پیشانە ٧٠٪یان هیچ چەشنە کارو داهاتێکیان نییە. ٧٪ی تووشبووان پێشەی دەوڵەتییان هەیە

٢٦/٥٪ پیشەی ئازادیان هەیە و ١٦٪یان لە ڕێگای بازرگانی بە مەوادی موخەدیر خۆیان بەڕێوە دەبەن.[١٦]

هەروەك ئاماژەی پێكرا هێشتا تریاك لە ریزی یەكەمی مەوادی موخەدیر لە ئێران دایە بەڵام لەم چەند ساڵەدا چەند ماددەیەكی كیمیایی بە شێوەیەكی زۆر خێرا لە نێو تووشبووان و لاواندا، جێ گرتووەو تا دێ تووشبوون بەم مەوادە زۆرتر دەبێ. "كراك"ی ئێرانی كە ٧٠٪ی لە هێرۆئین پێكهاتووە و ١٠ بەرانبەری هێرۆئین گرانترە. "كریستاڵ" یا "شیشە" كە ٩٥٪ی لە هێرۆئین پێكهاتووە. ئەم ماددەیە هەر كیلۆیەكی لە ١٧ كیلۆ تریاك دروستدەكرێ و لە تاران كیلۆیەك بە ٢٠٠ ملیۆن تمەن دەفرۆشرێ.[١٧] كراكی ئێرانی لە دووساڵ پێش تا ئێستا لە نێو تووشبوواندا، جێی كردووەتەوە ئەم ماددیە زۆر لە هیرۆئین مەترسیدارترە و بەپێی تاقیكارییەكان شوێنەواری لەسەر ماسوولكەكانی لەش لانیكەم چوار بەرابەری هێرۆئینە. بە پێی تاقیكارییەكان ماددەی سەرەكی كراكی ئێرانی بە پێچەوانەی هیرۆئین كە ماددە سەرەكی یەكەی "ئێستیل مۆرفینە" كراك لە "ئێستیل كودئین" پێكهاتووە.

زۆر بوونی ئەم ماددەیە لە نێو خوێن دەبێتە هۆی تێكدانو لوس بوونی ماسوولكەكان بە تایبەتی لەو شوێنەی كە تەزریق كراوە. "ئێستیل كودئێن" زۆر ژەهراوییە و خێرا ماسوولكەكانی دەوروبەری شوێنی تەزریق لە بەین دەبا. كراكی ئێرانی لە ئێراندا بە ناوی "هێرۆئین پاڵاوتوو" ناسراوە، بەڵام "كراك" لە بازاڕەكانی جیهانی لە بەرهەمەكانی "كوكائین"و "سدیوم" دروستدەكرێ كە لە ئەمریكای باشوور زۆر باوە.[١٨] شوێنەواری تێكدەری كریستاڵ (شیشە) و كراك لە نێوان ١١٠ تا ١٤٠ بەرابەری تریاك و هیرۆئین لەسەر مێشك و عەسەبەكانە.[١٩]

ئەم مەوادە ئێستا لە ئێراندا لە نێو لاوان و قوتابیان هۆگری زۆری پەیدا كردووە و بە پێی لێكوڵینەوەكان ١٤٪ی قوتابخانەكانی ئێران لە مەترسی تووشبوون بە مەوادی موخەدیرن.[٢٠]

یەكێكی دیكە لەو ماددە موخەدیرانەی تازە هاتووەتە بازاڕ و بە شێوەی خێرا رووی تێدەكەن. "تەمجیزەك، بنجیزەك، یا نورجیزەك" ئەم ماددەیە لە پاكستانەوە هاتووەتە ئێران و سەرەتا وەك دەرمانی وازهێنان لە تووشبوون ناوبانگی دەركرد، بەڵام دواتر دەركەت كە تووشبوون بەم ماددەیە مەترسی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو كەسانەی روویان تێكردووە

گیرۆدەی بوون. ئەم ماددەیە لە "هێرۆئین و ئێسترۆبین" دروستدەکرێ و نیشانەکانی تووشبوونی هەر وەك نیشانەی کانی هێرۆئینە.[(٢١)]

جیا لە مەترسییەکانی مەوادی موخەدیر قاچاخچییەکان بۆ وەدەست هێنانی داهاتی زۆرتر زۆرجار مەوادی موخەدیر لەگەڵ پودری سووتانی منداڵ، سیمان، گەچ و ئارد تێکەڵدەکەن و تووشبوو تووشی نەخوشی دیکەش دەکا.[(٢٢)] ساڵی ٨٦ بە هۆی بەکارهێنانی مەوادی موخەدیر، ٥ هەزار کەس لە ئێراندا گیانیان لە دەست داوە.[(٢٣)] ٢٦٠ هەزار کەس لە پەیوەندی لەگەڵ مەوادی موخەدیر لە زیندانەکانی ئێراندان کە نێونجی تەمەنی گیراوەکان ٢٥ساڵە.[(٢٤)]

کۆی هەزینەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرچاوە گرتوو لە مەسرەفی مەوادی موخەدیر لە ئێراندا، دەگاتە ١١ ملیارد و ٧٠٠ ملیۆن دۆلار لە ساڵدا. ڕۆژانە ١١ ملیارو ٧٣٥ملیۆن تمەن هەزینەی مەسرەفی مەوادە کە ئەم رەقەمە بە تەنیا چوار بەرابەری هەزینەی مەسرەفی سیگار لە رۆژانەدایە.[(٢٥)]

مێژووی چاندن و بەکارهێنانی مەوادی موخەدیر لە ئێراندا، دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٠٠٠ساڵ لەمەوبەر، بەڵام رێژەی گیرودەبوونی خەڵکی ئێران بەم مەوادە قەت وەکو ئەم سەردەمە نەبووە. هەروەك پێشتر ئاماژەی پیێ کرا بە پێی ئامارە فەرمییەکان ٤ ملیۆن کەس تووشبووی مەوادی موخەدیر لە ئێراندا کە ٦٪ی حەشیمەتی وڵات دەکا هەیە و ئامارە نارەسمییەکانیش باسی ١١٪ تووشبوو دەکا. مێژووی پەرەسەندنی مەوادی مەخەددیر لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ هاتنە سەرکاری کوماری ئیسلامی. ئەم رژێمە بە دوای وەدەستهێنانی دەسەڵات. سیاسەتی بەرێ کردنی شۆڕشی ئیسلامی گرتە پێش بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتە دەستیکرد بە پێکهێنانی رێکخراوی توندڕەوی ئیسلامیو پەرەپێدانی تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی. لەو کاتەوە ئەم رێخکراوە توندڕەوە ئیسلامییانە بە پشتیوانی ماددەی کۆماری ئیسلامی دەستیان کردووە بە دروستکردنی کێشە و ئاڵۆزی و پەرەپێدانی تیرۆریزم لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئیسلامی و تەنانەت وڵاتانی رۆژئاواش کە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتانێك وەك لوبنان، ئەفغانستان، پاکستان، عێراق، تورکیەو ... هتد بکەین.

رێکخراوە توندڕەوئیسلامییەکان نەقشێکی بەرچاویان لە چاندن و بەرهەمهێنان و بازرگانی کردن بە مەواددی موخەدیر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ئەفغانستان بووە و

له سەردەمی شەڕی ئەفغانستان بە دواوە بەرهەمهێنانی تریاك لەم وڵاتە بە هۆی ئەم ڕێکخراوانە رووی لە زیاد بوون کردووە و رۆژ بە رۆژیش ئەم بەرهەمهێنانە زیادی کردووە و بە پێی دوایین ئامارەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، ٩٢٪ ی تریاکی جیهان لە ئەفغانستان بەرهەم دێ و رێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان بە هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ مافیای مەوادی موخەدیر بازرگانییان بەم ماددەیە کردووە و بە ملیارەها دۆلار لەو رێگایەوە قازانجیان کردووە. بۆ وێنە رێکخراوی تالیبان لە کاتی دەسەڵاتیدا لە ئەفغانستان داهاتی لە بازرگانی کردن بە مەوادی موخەدیر لە ساڵدا، گەیشتووەتە ٣٥ ملیارد دۆلار.[٢٦] هەربۆیە هیچ چەشنە پێشگیرییەکی لە بەرهەمهێنانی مەوادی موخەدیر لە ئەفغانستان نەکردووە و تەنانەت جووتیارانی هانداوە واز لە بەرهەمهێنانی برنج و گەنم بێنن و روو لە چاندنی خەشخاش بکەن. مافیای مەوادی موخەدیر بە هاوکاری تالیبان بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ئەفغانستان تاقیگەی کیمیایی بۆ دروستکردنی هێرۆئین دانابوو. تەنانەت بۆ جووتیارانیش باجی ١٠ لەسەر یەك دانرابوو کە ١٠٪ی بەرهەمی خەشخاش بدرێ بە تالیبان.[٢٧] بەدستهێنانی ئەم داهاتە لە رێگای بازرگانی بە مەوادی موخەدیر رێکخراوەکانی دیکەش وەك ئەلقاعیدە، هەروەها کوماری ئیسلامی دەگرێتەوە.

خاڵی هاوبەشی مافیای مەوادی موخەدیر و رێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان مەسەلەی تیرۆریزمە، هەر بۆیە دەبینن ئەم دوو لایەنە زۆر بە ئاسانی بۆ بەرهەمهێنان و بازرگانی کردن بە مەوادی موخەدیر یەکیان گرت. رێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە رێگای بازرگانی بە مەوادی موخەدیر بەشێکی بەرچاو لە هەزینەی کارە تیرۆریستییەکانی خۆیان بەدەستدێنن. لە لایەکی دیکەشەوە بە پەرەپێدانی مەوادی موخەدیر و بەکارهێنانی، رێگای بەکارهێنانی ئەندامانی خۆیان بۆ کردەوە خۆ کوژییەکان ئاسانتر دەکەن. هەر لەو پەیوەندییەدا "موقتەدا سەدر" رێبەری رێکخراوی تیرۆریستی "سەدر" لە عێراقدا فتوای بازرگانیو بەکارهێنانی مەوادی موخەدیری دەرکردووە.[٢٨]

مەبەست لە دەرکردنی ئەو فتوایە: ١- لە رێگای بازرگانی کردن بە مەوادی موخەدیر پشتیوانی ماددی باش بۆ رێکخراوەکەیان وەدەستبێنن. ٢- بە حەڵاڵکردنی ئەم ماددەیە لە نێو چەکدارەکانیان رێگای بەکارهێنانیان بۆ کردەوە خوکوژییەکان خۆشتر دەکەن. بەکارهێنانی

مەوادی موخەدیر شوێنەوار لەسەر مرۆڤــــ دادەنێ و ئەو کەسەی بەکاری دێنێ، مرۆڤێکی بێ هەست بار دێت و لە کاتی نەشەبووندا بیر لە عاقیبەتی کارەکانیان ناکاتەوە و بێ ئاگا بەرەو مەرگ و لەبەین چون دەڕوا. بەشێکی زۆ لەو کەسانەی لە کردەوە خۆ کوژییەکاندا بەشداری دەکەن مەوادیان بە کارهێناوە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە سەرکار بە پەیوەندی لەگەڵ مافیای مەوادی موخەدیر و رێکخراوە تیرۆریستییەکان هەڵەکانی تووشبوون و گیرودەبوونی خەڵکی ئێرانیان بە مەوادی موخەدیر پێکهێناوە هەر چەند بە زاهیر وانیشاندەدا دژی مەوادی موخەدیرە و لەو پەیوەندیەدا چەندین یاسای دەرکردووە، بەڵام بە کردەوە دەری خستووە بە پێچەوانەی یاساکان کاریکردووە. مەوادی موخەدیر بە پێی سیاسەتی رژێم و بە هۆی عەوامیلی دیاریکراو سنوورەکان دەبڕێ و لە ئێراندا بەبێ هیچ چەشنە کۆسپێك لەسەر رێگایان بڵاوی دەکەنەوە.

کۆماری ئیسلامی بە بوونی دەزگایەکی بە هێزی ئیتلاعاتی ئەمنیەتی کە هەیەتی، چۆنە ناتوانێ کێشەی مەوادی موخەدیر کۆنترۆڵ بکا ئەگەر سیاسەتی خۆی نەبێ. ئەم رژێمە لە رێگای پەرەپێدان و بازرگانی کردن بە مەوادی موخەدیر داهاتێکی زۆری دەستدەکەوێ کە بە مەبەستی کردەوە تیرۆریستییەکان بە کاری دێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە گیرودەبوونی کۆمەڵگا بە مەوادی موخەدیر هەم رێگای بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی ئاسان دەبێت، هەم هێزێکی بەرچاوی وڵات لە کار دەخاو ناتوانن دژایەتی سیاسەتە دواکەوتووەکانی ئەم رژێمە بکەن.

دیارە مێژووی پەیوەندی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەگەڵ مەوادی موخەدیر دەگەڕێتەوە بۆ فیرقەی "ئیسماعیلییە" بە رێبەری "حەسەن سەباح"، ئەم فیرقەیە لە ئەوروپا بە "حەشاشین" ناسرابوون و "مارکوپۆلۆ" جیهانگەردی ئیتالیایی لە نووسراوەکانی خۆیدا چەندین جار باسی کردوون.(٢٩) حەسەن سەباح بە پەرەپێدانی حەشیش لە نێو فیداییەکانی و نەشە کردنیان بۆ بەرێوەبردنی کردەوە تیرۆریستییەکان ئامادەی دەکردن. ئەو سیاسەتەی ئێستای رێکخراوە تیرۆریستییەکان بە تایبەتی "موقتەدا سەدر" درێژەی هەمان سیاسەتی "حەسەن سەباح" بۆ بەرێوەبردنی تیرۆریزمە، بەڵام لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی زۆر پان و بەرینتر بەکاری دێنن و بەرێوەی دەبەن.

کۆماری ئیسلامی مەوادی موخەدیر دژی رۆژئاوا وەك چەکێك بەکاری دێنێ و تەواوی رێگاکانی بەرێکردنی ئەم ماددەیە بۆ رۆژئاوا لە کونترۆڵی ئەم رژێمەدایە تەنانەت یەکێك لە

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ناوکی ئێران، هەڕەشەی لە ئەمریکا کرد، کە ئەگەر ئەمریکا واز لەو سیاسەتانەی خۆی نەینێ، ئێرانیش ڕێگای بەڕێکردنی مەوادی موخەدیر بۆ ڕۆژئاوا ئازاد دەکا.[٣٠] ئەم قسەیە بە روونی دەردەخا کوماری ئیسلامی ڕێگاکانی بەڕێکردن و بازرگانی کردنی مەوادی موخەدیر لە ژێر کۆنترۆڵی دایە.

مەوادی موخەدیر لە ئەفغانستان بە هۆی مافیای مەوادی موخەدیر دێتە ئێران و بە هاوکاری رژێم بۆ تورکیە و وڵاتانی عەرەبی بەڕێدەکرێ و لە تورکیەشەوە بە هۆی مافیای مەوادی موخەدیر لەو وڵاتەدا کە گویا ئەرتەش دەستی باڵای هەیە بۆ ئەوروپا بەرێدەکرێ.

مافیا و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە هەر وڵاتێك ئاڵۆزی و کێشە هەبێ بە مەبەستی چاندن و بەرهەمهێنانی مەواد کەڵکی لێوەردەگرێ لەبەر ئەوەی حکوومەت لەو وڵاتەدا ئاڵۆزە و ناتوانێ وڵاتەکەی کۆنترۆڵ بکا.

نوێترین وێنەی ئەم سیاسەتەیان وڵاتی عێراقە بە پێی سەرچاوەکان لە ڕۆژئاوای شاری "دیوانیە" لە باشووری بەغدا لە سێ شاروچکەی "ئەلشامیە، ئەلقامس و ئەلشینافیە" جوتیاران وازیان لە چاندنی برنج هێناوە و بۆ یەکەم جار دەستیانکردووە بە بەرهەمهێنانی خەشخاش و پێشبینی دەکرێ بۆ ساڵی داهاتوو عێراق یەکێك لە بەڕێکەرانی خەشخاش بۆ جیهان بێت.[٣١] پێویستە بگۆترێ ناوچەی دیوانیە ناوچەیەکی زۆر ئاڵۆزە و حکوومەتی عێراق تا ئێستا نەیتوانیوە کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکا. هەر بۆیە خەڵکی ناوچە لە پەیوەندی لەگەڵ فتوای "موقتەدا سەدر"و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە دەستیانکردووە بە چاندنی خەشخاش. بە راستی ئەگەر ئەم کارە پێشی پێ نەگیرێ لە داهاتوودا دەبێتە کارەساتێکی گەورە لە عێراقداو گەورەترین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، ئابووری و...هتد بۆ ئەم وڵاتە دروستدەبێ.

بە گشتی بەرهەمهێنان و بازرگانی کردن بە مەوادی موخەدیر لە پاوانی تیرۆریزم دایەو هەرچی ڕێکخراوە تیرۆریستی‌یەکان سەرکەوتووتر بن مانای ئەوەیە مەوادی موخەدێریش پەرەی سەندووە و بە پێچەوانە ئەگەر تووشی شکست و لاوازی بێ جیهان بە گشتی دەتوانێ لە بەرامبەر کۆنترۆڵی مەوادی موخەدیر سەرکەوتن وەدەستبێنێ.

تێبینی: ئەم وتارە لە گۆڤاری تیشك ژمارە ٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- روزنامە سالت
٢- روزنامە سالت
٣- ماڵپەری "مبارزە با مواد مخدر"
٤- ایران و مشکل مواد مخدر
٦- فارس نیوز "FARS NEWS"
٧- فارس نیوز "FARS NEWS"
٨- شریف نیوز "SHARIF NEWS"
٩- ماڵپەری "مبارزە با مواد مخدر"
١٠- ایرانو مشکل مواد مخدر
١١- ایران- پێك "PYK NET"
١٢- هەمان سەرچاوە
١٣- افتاب
١٤- افتاب
١٥- افتاب
١٦- افتاب
١٧- فارس نیوز "FARS NEWS"
١٨- ماڵپەری "jame jam online"
١٩- فارس نیوز "FARS NEWS"
٢٠- فارس نیوز "FARS NEWS"
٢١- ایران و مشکل مواد مخدر
٢٢- ایران- پێك "PYK NET"
٢٣- روزنامە رسالت
٢٤- ایران- پێك "PYK NET"
٢٥- شریف نیوز "SHARIF NEWS"
٢٦- مادده هۆشبەرەکان و بڵاوبوونەوی لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دا(مەهدی بەدری).
٢٧- هەمان سەرچاوە.
٢٨- هەمان سەرچاوە.
٢٩- "حسن صباحو قلعە الموت"
٣٠- مادده هۆشبەرەکان و بڵاوبوونەوی لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دا(مەهدی بەدری).
٣١- افتاب.
٥- ماڵپەری" مبارزە با مواد مخدر"

# وێنەکان دەدوێن


ISNA












PHOTO: SEPAHVAND.HOJAT




ISNA


ISNA


AP







